# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# جاک لاکان

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێرانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا

زنجیرە (76)

# پۆرترێیەک لەسەر
# جاک لاکان

لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

ژاک ماغی ئێمیل لاکان، کە بە ژاک لاکان بەناوبانگە ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٠١ لە پاریس لەدایکبووە و ٩ی سێپتێمبەری ١٩٨١ لە ئیبندا کۆچی دوایی کردووە. دەروناس و دەروونشیکارێکی فەڕەنسی بووە، کە لەڕێی تەفسیرکردنەوەیەکی نوێی کارەکانی سیگومند فرۆیدەوە ناوبانگی جیهانی بەدەستهێناوە. تەفسیرەکەی لەژێر ناونیشانی «گەڕانەوە بۆ فرۆید» بڵاوکردەوە و ئامانجەکەی ئەوەبووە لەو شوێنانەدا کە پێی وابـووە فرۆید لەپشت مەعریفەکانی خودی خۆیەوە بەجێماوە، درێژەی بە تەشەنەی تیۆرییەکەی بداث. لێرەدا گەڕاوەتەوە بۆ میتۆدەکانی ستراکتورالیزم «پێکهاتەگەرایی» و لینگویستیک «زمانەوانی»، دواتریش بۆ مۆدێلی گرافیکی تۆپۆلۆژیا و مێگەلناسی. ئەم تیۆرسازە کە لە مەودای دەرونشیکاریدا مشتوومڕێکی زۆری لەسەر بووە و هەیە، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر پۆست-ستراکتۆرالیزمەوە هەیە.

ژاک-ماغی ئێمیل لاکان یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی کە زۆرترین مشتوومڕ و ناکۆکی لەسەر هەبوو. بۆ هەندێک بلیمەت و بۆ هەندێکی دیکەش دەجالێک بوو، و لە سەدەی بیستەمدا تەنها کەم بیرمەند هەبوون لە وێنەی ئەو فـەزای فکرییان لە فۆرم دابێت، ئەویش نەک تەنها لە فەڕەنسای نیشتیمانی خۆی. لە ژێر کاریگەری پێکهاتە زمانەوانییەکانی فێردیناند دێ سۆسیور و ڕۆمان جاکۆبسن و توێژینەوەکانی ئەلێکساندەر کۆژێڤ لەسەر هیگڵ، و هەروەها لە دیسیپلینی دیکەشەوە، لاکان

مادەیەک بۆ مەدرەسە ڕەسەنەکەی خۆی هەڵدەهێنجێت، کە ئامانجەکەی ڕیفۆرمکردنەوەی دەرونشیکارییە لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە. لاکان، کە داوای خوێندەوەیەکی نوێی فرۆید دەکات، پێی وایە کە دواجار پێکهاتەی هەموو شتێک لەسەر بنەمای زمانەوانی یاخود ئانالۆگی زمانەوانی بنیاتنراوە. لە ئەنجامی تێزەکەی ئەودا دەبێت دەروونشیکاری وەک شیکاری زمان تێبگەین. تێزە بنەڕەتییەکانی تیۆرییەکەی، کە لەو کەین و بەینەدا زۆر بەناوبانگن، دەڵێن:

«ناخودئاگا خاوەنی پێکهاتەی ڕیشەیی زمانە» و «ناخودئاگا وتەی کەسەکەی ترە». لەکاتێکدا ناخودئاگا پێکهاتەیەکی میتافۆری-میتۆنیمیکی (میتۆنیمیک واتا ئاڵوگۆڕبوونی ناو) لێ دەردەکەوێت و لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دیکەدا پەردەی لەسەر لادەچێت، زمان و سوبیێکت لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی مەرجداردان: یەکیان بەبێ ئەوی دیکەیان بیری لێ ناکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەدا ئارەزوو بۆ ڕەزامەندی خەڵکی، کە بڕیار لەسەر جەوهەری مرۆڤ دەدات و دەیخاتە ناو ڕەوتی زمانەوە، کاراکتێری سەرەکی بیرکردنەوەی لاکانییە.

### مرۆڤ بریتییە لە ئارەزوو

بە وتەی لاکان سێ پێوەری جەوهەری، کە دەبێت مرۆڤ وەک سێ ستراکتۆری بەناویەکداچنراو لێیان تێبگات، دیاردە دەروونییەکانی مرۆڤ و بەو پێیە دیسکۆرسەکەشی دیاریدەکەن: خەیاڵ و سیمبۆل و واقیع. پێوەری خەیاڵی بنچینەکەی خۆی لە قۆناغی ئاوێنەوە1 وەرگرتووە. تۆماربوونی جەستەی خود لە ئاوێنەدا بۆ ئەو منداڵە واتای وەهمی یەکەیەک، کە «من» وەک شکڵێکی ڕووکەش جێگیر دەکات.

لەگەڵ ئـەوەدا ئەزموونی «من» لە ئاوێنەدا مۆدێلێکمان دەداتـێ بۆ خۆشووناسکردن لەگەڵ ئەو کەسەی دیکەدا. ئەو کەسەی دیکە لە دیدی منداڵەکەدا وەک وێنەیەکی لەیەکنەترازاوی فکری دەردەکەوێت، کە ئەو خۆی پێ شووناس دەکات و دەیەوێت بچێتە جێگاکەیەوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە «من» دەبێت ئەو کەسەی دیکە لەناوبەرێت، تاوەکو خۆی بکاتە خاوەنی ئەو ئیماگۆیە2. بەڵام لەناوبردنی ئەو کەسەی دیکە لەلایەکی دیکەوە واتـای لەناوبردنی سوبییێکتی نەرجیسی3 دەگەیەنێت. ئەو دۆخە بێچارەیە دەتباتە سەر ڕێگای بازنەیەکی خودکوژی و توندوتیژی و لەبەرئەوە پێویستی بە کەسێکی سێهەمە، بە ڕێکخستنێکی سیمبۆلی، واتا زمان، بۆ ئەوەی بتەقینرێتەوە. ئەوەی لێرەدا سیمبۆلییە کردەیەکی زەین نییە بەڵکو پێکهاتەیەک، کە تیایدا سوبییێکت لە تۆڕێکی پەیوەندیدایە. ئەوەش کۆتایی بە قۆناغی وێناکراو دەهێنێت و سوبییێکت لەگەڵ جیهاندا دەخاتە ململانێوە. لەگەڵ ئەوەدا سوبییێکتی «من» لەڕێی کەسەکەی دیکەوە فڕێدەدرێتە ڕێکخستنە سیمبۆلیەکەوە و تیادا نەخشەسازی بۆ دەکرێت. لاکان ئەو پرۆسەیە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

«بوونەوەری مرۆڤ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو وێنەیەدا هەیە، کە وێنەی خودی خۆیەتی - پەیوەندی دەلاقەیەک، پەیوەندی گرژییەکی خاڵیکراو لە نامۆیی. لەویادا دەرفەتی ڕێکخستن، ئامادەگی و غائیبی واتا ڕێکخستنی سیمبۆلیی دادەگیرسێت.»

غائیبی و ئامادەگی ئەو کەسەی دیکە یەکەم تۆڕی سیمبۆلی پێکدەهێنێت، کە وادەکات کۆسێپتە وەهمییەکەی «من»یش، کە لە خەیاڵدا تەشەنەی کردووە، تێپەڕێنێت و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی «من»

له چوارچێوه سیمبۆلییەکەدا. زمان کە بریتییە لە چوارچێوە سیمبۆلییەکە، هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێت بەڵام «سیستەمی واقیعی چەندەش تەشەنە بە خۆی بدات، دیارە بەشێکی جەوهەری ئەوە لە تۆڕەکانی بنەمای ئارەزوودا بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ...»

هەموو ئەوانەی کە لە سیمبۆلدا دەروازەیـەک نادۆزنەوە و بەتووڕدراوی دەمێننەوە بەڵام بەتەواویش ناتوانرێن سەرکوت بکرێن، لاکان بە واقیع ناوزەدیان دەکات:

«ئێستی سوبیێکت، بیرکردنەوەی بیۆگرافیی خود تەنها تا سنوورێکی دیاریکراو دەڕوات، کە من بە واقیع ناوزەدی دەکەم»

بەپێی ئەوە واقیع لە فۆرمێکی زمانەوانیدا ناتوانرێت بگونجێنرێت و دواجار دەکرێت مرۆڤ وەک غائیبێک تەفسیری بکات. کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێین، یەکەی وەهمی «من»، کە لە چوارچێوەی خەیاڵدا ئەزموون دەکرێت، لەلایەن چوارچێوە سیمبۆلییەکەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە. سوبیێکتی «من» ژێردەستەی ڕێکخستنی سیمبۆلییە و هەموو ئەو شتانەی کە دەکەونە دەرەوەی بەسیمبۆلیبوونەوە و شکستی خۆیان بەیان دەکەن، دەڕژێنە چوارچێوەی واقیعەوە، واتا دەڕژێنە ناو جیهانی نەگوتراوەوە. بەو پێیە لای لاکان سوبیێکت دوو بنچینەی هەیە. یەکەم بنچینەی سوبیێکت، وەکو گوتمان، لەسەر ئاستی خەیاڵ سەرهەڵدەدات. «من»ی خەیاڵی لە شووناسکردنی وەهمی خۆیدا بەو کەسەی دیکە، کە وێنەی ئاوێنەییەتی، خۆی لە بازنەیەکی خودوێرانکاری ئارەزوودا بە بەندکراوی دەبینێتەوە، چونکە ئەو دەیەوێت جێگای یەکەی وێنەی ئەو کەسەی دیکە بگرێتەوە کە خودی خۆیەتی. سوبیێکتی «من» سەرەتا لە ڕێکخستنی سیمبۆلیدا دروستدەبێت، بەو زمانەش کە سوبیێکت دەخاتە پێکهاتەی خۆیەوە و

ناوی لێدەنێت. بەڵام ئەو ڕێکخستنە سیمبۆلییە سەرەتا لە مەیدانی ئەو کەسەی دیکەدا دەردەکەوێت، کە ئارەزووی ئەو سوبێیکتەی، کە ئێستا چەقی لێ زەودکراوە، سنووردار دەکات. بۆ ئەوەی دانی پیادا بنرێت، سوبێیکت دەبێت زمانی ئەو کەسەی دیکە قسەبکات و لە هەمانکاتیشدا سەرەتا لە زمانی ئەو کەسەی دیکەدا، لەو کەسەی دیکەدا دەبێت بە سوبێیکت. کەوابێت زمان هەمیشە زمانی ئەو کەسەی دیکەیە، کە ئێستا لەنێوان «من» و ئەو کەسەی دیکەدا پردی گواستنەوەیە. بەو شێوەیە ئەرکی زمان «زانیاری دان نییە بەڵکو هۆشیارکردنەوەیە. ئەوەی کە من لە وشەدا بۆی دەگەڕێم، وەڵامی ئەو کەسەی دیکەیە. ئەوەی وەک سوبێیکت بنچینەی بۆ داناوە، پرسیاری منە.»

سوبێیکت سەرەتا لەڕێی وەڵامی ئەو کەسەی دیکەوە ئەوەی بۆ پشتڕاست دەبێتەوە کە وەک سوبێیکت (لە قسەی ئەوی دیکدا) بوونی هەیە، واتا لەڕێی ئەو کەسەی دیکەوە «پەیام»ی خۆی بۆ پشتڕاست دەبێتەوە.

ئارەزوو بۆ ڕەزامەندی، کە دواجار ئارەزوویەکە بۆ ئارەزووی ئەو کەسەی دیکە، لە زماندا ناتوانرێت بەتەواوی تێربکرێت، چونکە هەموو جۆرە تێربوونێک خاوەنی سروشتێکی سیمبۆلییە. بەو شێوەیە هەمیشە کەمووکوڕییەکی تێرکردنی ئارەزوو لە سووبێیکدا خەست بووەتەوە. ئەو کەمووکوڕییە دیسان لەناو چوارچێوەی سیمبۆلدا دەنیشێت، چونکە ئەوە تەنها زمانە کە لەنێوان ئۆبجێکتی خوازراو، واتا ئەو کەسەی دیکە و سوبێیکتدا دێنە سەر سەحن و ئەسڵەن دەبێتە هۆکاری ئارەزوو و خواستەکان. ئەو کەمووکوڕییە کە ئەنجامی بەجاویدیبوونی ئارەزووە لە ڕێکخستنی سیمبۆلی بیدا، بە وتەی لاکان ئەوە دەردەخات کە دواجار ئارەزوو، کە پەیوەندییەکەی بوونە لەگەڵ کەمووکوڕیدا، دەبێت ببێتەوە

بە هۆکاری داگیرساندنی ڕێکخستنە سیمبۆلیەکە. چونکە ملکەچ بوون بۆ زمان واتا دەستبەرداربوونی تاقە «من»ێک، کە «پڕییەکەی» لە زماندا چیدیکە دەست پێی ڕاناگاتەوە.

**سەرچاوە:**

http://jetzt.sueddeutsche.de/texte/anzeigen/560278/Der-Psychoanalytiker-Jaques-Lacan

(le stade du miroir)

**پەراوێزەکان**

1- قۆناغی ئاوێنە (le stade du miroir) لە تیۆری ژاک لاکاندا دۆخێکی زەمەنیی تەشەنەکردنی منداڵە لەنیوان تەمەنی ٦ بۆ ١٨ مانگی، کە تیایدا «من» تەشەنە دەکات. لاکان بەو تیۆرە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە دەڵێت، لە مرۆڤدا خودئاگا چۆن سەرهەڵدەدات و کار دەکات.

2- ئیماگۆ (بە لاتینی «وێنە») وشەیەکی سەر بە دەرونشیکارییە و بۆ یەکەمین جار لەلایەن کارل گوستاڤ یونگی دامەزرێنەرییەوە بەکارهێنراوە. بە وشەی ئیماگۆ وێنەی وێناکراوی ناخەکی ناخودئاگای کەسێکی دیاریکراو ناوزەد دەکرێت، کە لەپاش ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینەش لەگەڵ ئەو کەسەدا لە دەرووندا درێژە بە بوونی خۆی دەدات. بەو شێوەیە پەیبردن بە پەیوەندی دواتریش کاریگەری ئەو وێنایەی لەسەر دەمێنێتەوە. مرۆڤ دەبێت وەک دیاردەیەکی نۆریۆ-سایکۆلۆژی لە ئیماگۆ تێبگات، کە ئەو پەیوەندیە

دەروونیانەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، کە بە «وێنە»ی کەسی پەیوەندیداری نێزیکەوە بەستراونەتەوە.

3- بە مانای خۆشەویستی خود، ئەو خۆشەویستییەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی وێنای خودی خۆی دەکاتەوە.

# پێشەکیەک
# دەربارەی جاک لاکان

نوسینی: ژان میشێل راباتە

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

**دژی شیکار**

ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر پشکی لاکان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، یان راستتر بڵێین ئەوەی کە دەتوانرێت بە تیۆری لاکان لە بابی ئەدەبیات ناو بنرێت. هەرچەندە لەم دواییانەدا چەند هەوڵێک بۆ دابینکردنی خوێندنەوەی لاکان بۆ بابەتە ئەدەبییەکان بدرێت، بەڵام زۆرێک لەم هەوڵانە ئەنجامیان نەبووە. جگەلەوە هێشتا هیچ کەسێک گرنگی نەداوە بە گرێدراوی لاکان بە ئەدەبیاتەوە. کتێبی نایاب لەبارەی شیکاری لایەنی ئەدەبی نوسینەکانی لاکان نوسراون (بۆ نمونە بەدواداچونی درەوشاوەی «مالکوم بوی» لە شێوازی ئەدەبی پڕتێچونی لاکان و پەیوەندیەکانی بە «پروست»ەوە)، بەڵام بابەتی ئەوان زیاتر ئاڵۆزی شێوازی لاکانە. هەرچەندە ئەم هەوڵانە بەنرخ و زۆر کات بەسودن، بەڵام ئەم کتێبە رێڕەوێکی جیاواز دەگرێتە بەر: من پێموایە لاکان نەک تەنیا سودی لە نمونە ئەدەبیەکان وەردەگرت، بەڵکو خوێنەر یان شیکەرەوەی دەقە ئەدەبیەکان بوو، هەروەها دەتوانرێت سیستمێکی تەواوی رەخنە - جۆرێکی تایبەت لە رەخنە - لە سمینار و نوسینەکانی ئەودا بدۆزرێتەوە.

زۆرێک لە دەروونناسە بەریتانی و ئەمریکاییەکان کە بۆ کردنەوەی ئاڵۆزیەکانی شێوازی شاراوەی لاکان هەوڵیانداوە، داخی خۆیان بەرامبەر کەمی لێکۆڵینەوەکان لە دەقەکانی ئەودا دەربڕیوە. هەڵەیە ئەگەر گومان بکەین کە توێژینەوە لاکانیەکان بزر بوون و لە سمینارە چاپ نەکراوەکانی

ئەودا دەدۆزرێنەوە: ئەم سمینارانە کە بەپێی رەخنەی زۆرێک پڕ لە پارچەی بەنرخن، پێدەچێت زۆرتر خوێندنەوەی سیستماتیک لە دەقە بنچینەییەکانی فرۆید و شیکاری تێگەیشتنەکانی لاکان خۆیان هەبێت، تا شیکاری تیۆری وردی پشتبەستو بە چەند بابەتی راستی هەڵبژێردراو.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەوەی لاکان لە بینینی نەخۆشێکیدا باس لەوە دەکات، کە نیشانەکان (symptoms)ی ئێستا زیاتر لەوەی فرۆیدی کلاسیک بن، لاکانین:»لە ئەمڕۆدا ئێمە بینەری دەروونناسیەکی لاکانین، کە بەرونی نیشانەی ئەم وتە دانراوانە واتە خەیاڵ، روکار، راستەقینە لەخۆ دەگرن.» من پێش تیشکخستنەسەر ئەم تێگەیشتنانە دەمەوێت وەبیرتان بێنمەوە، کە پێدەچێت رێژەی کەمی شایەتەکانی کلینیک و وتنە سەرسوڕهێنەرەکان ،کە ئەو بابەتانەی لێیان دەکۆڵرایەوە لەلایەن خۆیەوە رووبەڕووبوونەوە، وەک «ئامی» ناسراوی تێزی ئەو لە رێگەی زیاد کردنی نزیکەیی هاوسەنگی شیکارە ئەدەبیەکانی هەموارکراون، گوایە کەمی سەرگوزەشتەکانی لە رێگەی دەوڵەمەندی ئەدەبی و لێکدانەوەی فەرهەنگیەوە پڕ کراونەوە. ئایا دەتوانرێت بوترێت کە ئەدەبیات - لە بەرهەمە چاپکراوەکانیدا - جێگەی لێکۆڵینەوە کلینیکییە وردتر و زانستیترەکانی گرتۆتەوە؟

لەراستیدا سەرجەم هەوڵەکانی لاکان بۆ لەناوبردنی سادەیی شاراوە لە پرسیارەکەی سەرەوەدا بووە. ئەو نەک نیشانی دەدات تا چ رێژەیەک فرۆید و سەرجەم هاوکارانی، لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی بوارەکەدا پشتیان بە روخسارە ئەدەبیەکان، لەگەڵ سەرجەم بابەتە دەروونناسیەکانی دواتر لەگەڵ ئەواندا بوون بەستووە، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەراگەیاندنی ئەوەی کە بواری ئەدەبیات و بوارە راستەقینەکان دژی یەکتر نین، بەڵکو یەکتر تەواو دەکەن، پەیڕەوی لە فرۆید کردووە. هاوشێوەی فرۆید کە لە

نمایشنامەی ناسراوی (سوفوکل) پاڵەوانی مەحکوم بە لەناوچونی دۆزیەوە، کە چارەنوسی ئەو دەیتوانی کۆمەڵێکی زۆر لە دەرکەوتەکان روون بکاتەوە، لاکان بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی نوێ بۆ درک پێکردنی نیشانەکان پەنا بۆ بەرهەمەکانی (جویس) دەبات.

بەمشێوەیە لەم کتێبەدا هەوڵدەدرێت ئەوەی لاکان لە ئەدەبیات -هۆنراوە، نمایشنامە، رۆمان - هێناویەتییە ناو بواری درک پێکردنی ئێمەوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک روونبکرێتەوە و بێجگە لەوەش تیشکێک بخرێتە سەر تێگەیشتنی زۆر گرنگ، کە لەگەڵ بابەتە بنچینەییەکان لە دەقە ئەدەبیەکاندا لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەواندا گرێدراون. وەک «نامە»، «نیشانەکان» و «ژوئیسانس Jouissance».من زۆرتر واژەی «درک پێکردن» بەکاردێنم، چونکە لاکان ئیمتیازی تایبەتی بۆ دەقە تایبەتیەکانی کەسێکی تایبەت لەبەرچاو نەگرتووە، لە سیمینارەکانیدا بە ئاسانی لە «دانتێ»وە تا « گۆتلۆب فریگە Gottlob Frege»، لە ئەفلاتۆنەوە تا «ژید» باس دەکات. ئەو ئەم دەقانە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی درک بە سروشتی مرۆڤەکان بکات، کارێک لەوانەیە ئاڵۆز بێتە بەرچاو، بەڵام نابێت بیرمان بچێت کە تێڕوانینی ئەو پشتی بە شتێک بەستووە کە خۆی بەردەوام بە ئەزمونی دەروونناسی ناوی بردووە. ئەم «ئەزمونە» لە چی پێکهاتووە؟

لە بنەڕەتەوە لە دوو کەس، کە تەنیا لە رێگەی زمانەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن، کە لەسەرەتاوە لە مامەڵەیەکی تایبەتیدان (یەکێک پارە دەدات و قسە دەکات، ئەویتر گوێ دەگرێت و کەم قسە دەکات) مامەڵەیەک بە ئامانجی چارەسەری ژمارەیەک گرفتی تایبەتی کەسەکە یان گۆڕینی ژمارەیەک دۆخی رێگرە. ئەم ئەزمونە، ئەزمونی زمان وەک وتە زیندووە، هۆکاری بنچینەیی کە لاکان بەردەوام جەختی لەسەر کردۆتەوە،

بەڵام لەهەمان كاتدا ئەزمونی جۆرێک (نوسین) یان (خوێندنەوە)یە - نەک تەنیا لەبەرئەوەی شێوازی لاکان دوبارە خوێندنەوەی دەقەکانی فرۆید بێت، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی نیشانەکانی نەخۆشە دەرونیەکە وەک دەقێکی نوسراو بێت، کۆمەڵێک بابەت کە دواتر دەگەڕێمەوە سەریان، بەڵکو بەو هۆیەی کە «ئەزمون»ی دەروونناسی ئەم دوو هۆکارە {دەروونناس و نەخۆش} دەخاتە تۆڕێکی ئاڵۆزی وتە و نوسینەوە. بنەمای سەرەکی لاکان ئەوەیە کە ئەدەبیات کۆمەڵێک نمونە دەردەخات، کە بەشێوەیەکی تایبەتی واتادارن و ڕێگە بە دەروونناس و نەخۆش، بە هەردویان دەدات کە ڕێکخستنی نوێ لە خەون و نیشانەکاندا درک پێبکەن.

لەبەر ئەوەیە کە روبەرووبونەوەی لاکان لە تەمەنیدا لەگەڵ ئەدەبیات بە پرسیاری بنچینەیی و زۆرتر سادەوە گرێدراوە: بۆچی دەنوسین؟ بۆچی دەخوێنینەوە؟ لەم پرۆسە لە روکار سادەیەدا چ شتێک کاریگەری لەسەر ئێمە دروست دەکات؟ بۆچی چێژ لە خوێندنەوەی هەندێک دەق دەبینین و لە هەندێکیان بێزارین؟ ئەو ئابوورییە دەرونیەی باڵی کێشاوە بەسەریدا چییە؟ «پینە» ئەدەبیەکان لە کوێ و چۆن بەر جەستەی ئێمە دەکەون؟

یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم پرسیارە بنچینەییانە ئەوەیە، کە هەڵگری رەخنەیەکی بنەڕەتین لە هەر شتێک، کە لەژێر ناوی دەروونناسی کرداری یان رەخنەی دەروونناسانە بەرهەمهاتووە. وەک ئەوەی ئەو لە کۆتاییدا بە تایبەتی بە نوسەرێکی وەک «دوراس» یان «جویس» دەڵێت، لاکان لە دەروونناسی نوسەر یان بەرهەم خۆی دەپارێزێت. ئەمە کارێکی زۆر سادە بوو لە قۆناغی پەرت بوندا. لە پێشەکی دەقێکدا کە تایبەت بوو بە ئەو، لە کاردانەوەیدا بەرامبەر ئەوەی رەخنەی ئەدەبی چی بەسەر دەروونناسیدا دێنێت، ئەم وتە کورتکراوەیەی ئەو دەخوێنینەوە:

بەهۆی ئەوەی دەرونی بێئاگا پێویستی بە نوسراوە، کە رەخنەگران کاتێک بەهەمان شێوە لە نوسراوێک دەڕوانـن کە بە بێئاگایی دەکەونە هەڵەوە. هەموو بەرهەمێکی نوسراو لەهەر ساتێکدا چارەیەکی بێجگە لە خۆبەدەستەوەدان بۆ شیکار لە واتایەکی دەروناسیدا نییە، بەڵام چەسپاندنی هەرچەندێک نەرم و نیانیش بێت، بە واتای ئەوەیە کە بەرهەمەکە بە ساختە یان دەستکاری کراو هەژمار بکەین، چونکە هەر ئەوەندەی کە دەنوسرێت، لاسایی نمایشی بێئاگایی ناکاتەوە. بەرهەم، بێئاگایی هاوسەنگە لەگەڵیدا، هاوسەنگیەک بەلایەنی کەمەوە وەک ئەو راستەقینەیە، چونکە بێئاگایی لە چەمانەوەی ئەودا ساختەکاری دەکات، بۆ بەرهەم، بۆ نمونە نوسەرێک کە بەرهەمی دێنێت بەلایەنی کەمەوە لە ساختەکارێک کەمتر نیە، ئەگەر هەوڵبدات لەکاتی بەرهەمهێنانیدا درکی پێبکات، کارێک کە (ڤالیری) کردی، کاتێک لەبارەی رۆشنبیرە نوێیەکانی نێوان هەر دوو شەڕەکە دەینوسی.

مەبەستی لاکان هەوڵەکانی (پۆل ڤالیری) بۆ شیکاری کرداری هزری خۆی کردی کاتێک سەرقاڵی خوێندنەوەی ژمارەیەک هۆنراوەی بەناوبانگ بوو، هەوڵێکی هاوشێوەسازی ئەفسانەی ناسراوی «ئالن پۆ» لەبارەی پەیدا بوونی (قەلەڕەش) لە فەلسەفەی نوسیندا. ئەو دژ یەکیەی لاکان پەنجەی خستەسەر (نوسەر لە کاتی نوسیندا ناتوانێت بزانێت چی دەکات، چونکە نوسین لەژێر کاریگەری بێئاگاییدایە و هەردویان بەرهەمی نوسینن) واتە ناتوانرێت نوسین لە شێوەی کورتکراوە وەک بەیانی نەخۆشیەکی دەرونی درکی پێبکرێت. لەمڕووەوە ئەو کارەی ئەو لەگەڵ دەقەکان کردی، هاوشێوەی ئەو کارەیە کەلەگەڵ نەخۆشەکان دەیکات: ئەو «نیشانەکان وەک چیرۆکێک لەناو چیرۆکێکدا لێکدەداتەوە، هەوڵ دەدات لەو کونە تێبگات کە بە هۆی هۆکارەوە دروست بووە، کونێک کە هۆکارەکان دەڕژێنە ناویەوە و بزر

دەبن. هەرچۆنێک بێت لە هەر دوو بوارەکەدا «پێویست ناکات شیکار ڕاستەقینە یان درۆینە بێت، بەڵکو پێویستە ڕاست بێت». لاکان درێژە بە هێرشی خۆی بۆ سەر لاسایی کردنەوە دەدات:

بەرهەمی ئەدەبی یان سەرکەوتو دەبێت یان شکست دەخوات، بەڵام شکست لە لاسایی کردنەوەی روکارە دروستکراوەکان نییە. بەرهەم تەنیا لەو چەمانەوەیەدا بوونی هەیە، ئەویش چەمانەوەی پێکهاتەی خودە. لەبەر ئەوە ئێمە لە ڕووبەڕووبونەوەی لێکچودا نین. ئەو چەمانەوەیەی کە لێرەدا ئاماژەی پێکرا بە هەمانشێوەی کە ئاماژەیە بۆ پێکهاتە، پێکهاتەش ئاماژەیە بۆ ڕاستی بێئاگایی. {چەمانەوە} ڕاستەقینەیە، بەو واتایەی بەرهەم لاسایی هیچ شتێک ناکاتەوە. {بەرهەم} لە پلەی چیرۆکدا، پێکهاتەیەکی ڕاستگۆیە.

ئێمە پێویستە دوبارە پێداچونەوە بە {نامەی بزربوو}ی «پۆ» و سودی سیستماتیکی لاکان لێی بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ناوەڕۆکی ئەو تێگەیشتنە لە زمان کە دەتوانێت نهێنی چونە ناو پێکهاتەی بێئاگایی و پێکهاتەی پێکهاتوو، کە بنچینەی نهێنیەکانی کۆمەڵگە شیدەکاتەوە بخاتە بەردەستی ئێمە. لاکان لەم پێشەکیەدا ناوی سێ نوسەر دەبات کەلە قۆناغە جیا جیاکانی کارەکەیدا بۆ دروستکردن و پاڵاوتنی تێگەیشتنەکان سودی لێوەرگرتوون: {پۆ} بەو نامە بەناوبانگەی کە هەرگیز واتاکەی ئاشکرا نەکرا، {ڕاسین} کە لاکان {ئاتالی} ئەوی خوێندەوە بۆ ئەوەی بگاتە تێگەیشتن لە خاڵی پاشەکەوت لە سیمیناری سێیەمدا، هەروەها نمایشنامە سیاسیەکانی سارتەر. لاکان بەو ئەنجامە دەگات کە ئەو وەک ئەو نوسەرانە ناتوانێت لە کاتی نوسیندا خاوەنی مەبەستەکانی خۆی بێت.

بە مەبەستی چاکسازی لە تیۆری لاکان لە بابی ئەدەبیات – وەک ئەوەی بینیمان هیچ تیۆرێک بێ ئەزمون، بێ تێگەیشتنێکی پتەو ناتوانێت

بونی هەبێت - پێویستە سەرەتا بعنێک لە زەمینەی هاوچەرخ لە درکی لاکان لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان دەدەین بەدەستەوە. بە بڕوای من ئەم زەمینەیە بە توندی لە (سلاڤۆی ژیژەک وێنا دەبێت، کە ڕێڕەوەکانی ڕۆشنبیرانە و سیاسی داهێنەرانەی ئەو هەرگیز بەشێوەی راستەقینە نیگەرانی پێگەی ئەدەبیات لە تیۆری لاکاندا نەبووە. دوای ئەم ڕێخۆشکردنە تیشک دەخەینە سەر ژمارەیەک (وشەی کلیی)، (کۆمەڵێک پێشنیار) کە پێویستە لە تۆڕی فەلسەفی خۆیاندا بخرێنەڕوو. لە ئەنجامدا چەند بەشێک لە چەند (خوێندنەوە) ی نمونەیی لە دەقە ئەدەبیەکانی لاکان دەکۆڵینەوە: چیرۆکەکانی دوپن بەرهەمی پۆ، چەندین نمایشنامە، لەوانە هاملێت و ئانتیگونە و تریلۆژی کوفونتین بەرهەمی کلودل، بەرهەمەکانی هید و هنە، ڕۆمانەکانی مارگرێت دوراس، ڕۆمان و نامە سیاسیەکانی مارکی دوساد و سەرجەم بەرهەمەکانی جویس.

دامێنی خوێندنەوە ئەدەبیەکانی لاکان زۆر بەرفراوان نییە (لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی ئەو بابەتانەی گرنگی پێداون زۆر بەرفراوانن، مرۆڤناسی، فەلسەفە و زانست لەخۆدەگرێت)، بەڵام دەقە بنەڕەتیەکان لە کۆبەرهەمە باڵاکانی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە تا جویس و دوراس، هەروەها بوارە پەرت و دورەکانی وەک نهێنیە ژنانەکان، گەڕیدەکان، دانتە، ژید، ژنە، هۆنراوەی سوریا کیستی لەخۆ دەگرێت و سەرجەمی ئەمانە بە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ خوێندنەوەکانی فرۆید پشتیوانی دەکرێن. ئاماژەی (وتەی کۆتایی) لە ناوی ئەم کتێبەدا ئاماژەیەکە بۆ شێوازی خیتاب (پەیامبەرانە) ی لاکان، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی کۆتایی لەبارەی ئەوەی گێڕانەوەی (بە مەسیحی بووی) ئەو لە تیۆرەکانی فرۆیدەوە لێکدەدرێنەوە. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هاوڕایی لەگەڵ ئەوەی لاکان بە ماددی بونی نوسین و ماددی

بونی پێث ناوی بردووە، ڕێکخستنی پێنەکانی ئەلف با بەشێوەی سیستماتیک لەبەرچاو دەگیرێث. لە ئەنجامدا (وتەی کۆتایی) ئاماژەیە هاودەردی لاکان بە دەنگی زیندوو، کە بەرهەمی چنگ هاویشتنی بۆ خەستەی راستەقینە نەبوو (چنگ هاویشتنێک کە وەک یاری وایە، بەڵام بلێسەی خەیاڵی شکۆ و گەورەیی هەیە). لاکان زیاتر نیوە جدی و نیوە یاری، وتویەتی کە (راستی وتەی منە) ئێمە دەتوانین لەم شێوازی وتە دوولایەنیە بکۆڵینەوە، کە چۆن و بۆچیە و بزانین چۆن دەقدۆزی ماددی خودی ئەم (وتەیە) لەڕێگەی نوسینەوە، بگەینە دانانی پەیوەندیەکی تیۆری یان تیۆریک لە نێوان ئێڕوانین نوسەرێک بە وتەی فۆکۆ (دامەزرێنەری گفتوگۆگەرا) لەگەڵ خەیاڵی پێویست لەگەڵ ئەو لە بابی دامەزراندنی بیروڕایەک لێکبدرێث. نوسەر بۆ ئەوەی رێگە بداث (گیان) - یان شەبەح - رزگاری بێث، پێویستی بە بەکارهێنانی (پیتی مردوو)ە.

ئەم کتێبە هەوڵدەداث بۆ شیکاری توێژینەوە جۆراوجۆرەکان لەبارەی تیۆری «ریتۆریقا»ی لاکان، سودی تاکی ئەو لە (ئیستیعارە) و (خەیاڵی نێرەر) وەک هاوشێوە بۆ پرۆسە فرۆیدییە رەسەنەکان (پەستاوتن و جێگۆڕکێ) دوبارە ناکاتەوە، ئەم کارە چەندین جار ئەنجام دراوە و بەرهەمی ئەویش کۆپیەکی سادە کراوەی لاکانی (پێکهاتەگەرا)ی نایاب بووە، کە بیروڕا و تێزەکانی تێبینییە فرۆیدیەکانی بۆ «بوگیقا»ی فۆرمالیستی رومن یاکوبسنیان زیاد کردووە، بەڵام ئەو باسەی من گرنگی پێدەدەم چوارچێوەی کارایی ئەدەبیاث یان وردتر بڵێم پێگەی ئەدەبیاث لە تۆڕی لاکاندایە، بابەتێک کە لاکان دەخاتە بەرامبەر دریدا و شوێنکەوتوانی. من هەوڵدەدەم نیشانی بدەم چۆنە کە لاکان و دریدا کە هەردویان دژی تێگەیشتنی (دەرونناسی کرداری) ن، لەبارەی رۆڵی ئەدەبیاث جیاوازی بیروڕای بنچینەییان هەیە. ژمارەیەک

پرسیاری جێ مشتومڕی ئەوان زۆر بەرفراوانن. ئایا دەتوانرێت ئەدەبیات بۆ راستەقینە کورت بکرێنەوە؟ دەتوانرێت ئەم راستیانە وەک نمونەکانی تیۆرێکی گشتی بەکاربهێنرێت؟ ئایا ئەدەبیات بە واتای تەواوی وشە خۆی بۆ لە قاڵب دانی تیۆری بەدەستەوە دەدات؟ بێجگە لە ئەوەی هیچ نیشانەیەک لە بەرگری سوننەتی لە (خود ئاینی) ئەدەبیات لە بیروڕای دریدادا نابینرێت - ئەدەبیاتێک کە پێویستە لە تیۆری دەروونناسی ئیمپریالیستی بپارێزرێت، بەڵکو دریدا بەرامبەر ئەو ئایدیایەش کە دەتوانرێت وەک نمونە سود لە دەقە ئەدەبیەکان وەربگیرێت، بەرگری دەکات. ئەمەیە تێڕوانینی ئەو لەبارەی خوێندنەوەی لاکان کە لە سیمیناری خۆیدا لەبارەی پۆ پێشکەشی کردووە:

ئێمە لەسەرەتاوە تێڕوانینی کلاسیک و دەروونناسی کرداری دوبارە دەناسین. لێرەدا دەروونناسی لە بواری ئەدەبیاتدا بەکارهاتووە. دەقی پۆ کە هەرگیز پێگەی ئەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ناکرێت - لاکان تەنیا ئەو بە چیرۆک ناودەبات - لەناکاو وەک نمونە دەردەکەوێت. نمونەیەک کە وەک شێوازێکی فێرکردن، یاسایی و راستەقینە کە بابەتی تەواوی سیمینارێک پێکدێنن (روون دەکاتەوە). لێرەدا نوسینی ئەدەبی چۆنە پێگەی رونکردنەوەوە. رونکردنەوە، لێرەدا واتە خوێندنەوەی ئەو یاسا گشتیەی لەم نمونەیەدایە، ئاشکرا کردنی واتایەک یان راستیەک، تیشک خستنەسەریان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یان نمونەیی. دەق لە چوارچێوەی راستەقینەدایە، لە چوارچێوەی راستەقینەیەک کە دەخوێندرێت.

بەمشێوەیە دریدا نەبونی قازانج و نەبونی سنورداری ئەدەبیات لەبەرامبەر هەر ئارمانێک دەزانێت، کە مەبەستی نمونەسازی لە ئەوە لەژێر فەرمانی راستەقینەیەکی لەپێشدا چەسپێندراو، کە تەنیا شوێن گریمانەی خۆی دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمانشێوەی کە دوو قوتابخانەی دریدایی کە

لە تیۆری «لاکان»یان لە بابی زمان و نامەدا لە دیدی رەخنەگرانەوە لێیان کۆڵیەوە بەو ئەنجامە دەگەن کەبەهۆی ئەوەی تیۆرەکانی لاکان سیستمێکی گشتساز پێکناهێنن، بەڕێژەیەک لەم رەخنانە پارێزراون. تێزەکانی لاکان نمونە ئەدەبیەکان تەنیا وەک نمونە بۆ سەلماندنی بینییە فرۆیدیەکان بە خراپ سودیان لێوەرناگرن، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەو لایەنەوە کە نمونەکان لە بنەڕەتدا ئەدەبین رۆڵی شاراوەتر دەخەنە ئەستۆی ئەدەبیات، کە لەو نمونانەدا و بۆ ئەو نمونانە یاری بکەن: ئەدەبیات بە تەنیا ناتوانێت شتێک بێت کە باسوخواسێک کە عەوداڵی پاساوێکی سادە لە رێگەی دروستکردنی نمونەوەیە، لەگەڵیدا بگونجێت، لەو دەگا یان تێدەپەڕێت، یان نمایشی دەکات، [ئەدەبیات] لەو سەرەتایەوە لە تیۆرەکەدا جێگەیەک بۆ خۆی دەگرێت، ئەو دێنێتە لەرزین، لەناویدا لەبارەی خۆیەوە دەکەوێتە گومانەوە، سەرابی تیۆرێکی نایاب کەبە جوانی بەرامبەر چەند نمونەیەکی بەباشی هەڵبژێردراو دەردەکەوێت، وێران دەکات. لاکو - لابارث و نانسی لە کتێبی ناونیشانی نامەی شیکاری خود لە شیکاری لاکاندا لەبارەی ئیستیعارە بەمشێوەیەی خوارەوە کۆبەندی دەکات:

بە دڵنیاییەوە ئەمە لەخۆوە نییە، کە لاکان لەپاڵ واتای ناسراوی وشەی [ئیستیعارە] ئەو ژانرە ئەدەبیەش، کە زیاتر لە جێگەیەکیتر پڕە لە ئیستیعارە لەبەرچاو دەگرێت - وتاە هەنراوە و بەتایبەتی هۆنراوەیەک کە تایبەتە بە دوو سەرچاوە: هۆگۆ و سوریالیزم...، واتە هۆنراوەیەک کە دەتوانین بە هۆنراوەی کەلام - هۆنراوەی گوتاری خودایی یان هۆنراوەی گوتار - و هۆنراوەی [هێز] یان [جادو]ی وشەکان ناوی بنێین. سەرجەمی «بوگیقا» یان هۆنراوە ناسی ئەم سیستمە و سەرجەم شێوازی شاعیرانەی ئەم شێوازە لە راستیدا دەقی لاکانی لێرە و لەهەر شوێنێکیتر لە سەرچاوە

ئەدەبیەکانیدا، شیوازەکانی شێوازناسی دوور لە هزری ئەو و لە ئەنجامدا زنجیر و پەناگەی تیۆری ئەو دەگرێتەوە.

هەرچەندە ئەوان لە کۆتاییدا بە هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەتر دەگەن، پەنجە دەخەنە سەر گشت وتنەکانی لاکان لەبارەی رۆڵی هایدیگەر لە باسوخواستی خود و ئەو ئاماژە شاراوەیە بۆ راستیەک کە شاراوەیە، بەڵام دەروونناس دەتوانێت بیناسێت یان دەریبخات، لەگەڵ هەمو ئامانەدا پێیان وایە هەرچەندە لاکان ناتوانێت بنەمای پتەو بۆ باسەکانی خۆی دروست بکات، بەپێی پێویست ناتوانێت لە نێوان ئاکار گەرایی چارەسەر و پەند وەرگرتن لە زۆر تیۆریتر لە فەلسەفەدا، زمانناسی، مرۆڤناسی و هیتر هاوسەنگی دروست بکات، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت وەک تیۆر دانەرێکی [ئەدەبی] ناوی ببرێت.

لاکو - لابارث و نانسی لە کاریگەرییە نهێنیەکان کە لەلایەن لاکانەوە لەکاتی پێشڕەویدا تا سنوری نهێنی ئەو دەگاتە ئەنجام غافڵ نین و «دژە پەروەردەی» ئەو روخسارێکی جوانتر و بەهێزتر لە دەسەڵات دەناسێنێت:

ئەمەیە هۆکاری گەڕانی لاکان بۆ ئەوەی خۆی ... بە کاریگەری بنیاتنەر ناوی دەبات، گەڕانێک کە پەنایەکی تایبەتی بۆ گوتار، سودوەرگرتنی تایبەت لە کارایی گوتار و وەک دەوترێت هێزی قایلکردنی دەوێت. لە راستیدا هەمان ئەو شتەیە کە سەرجەم ستراتیژی لاکان دەهێنێتە جوڵە و بەڕێوەی دەبات و بەڕێژەیەک رونکردنەوەیەکە بۆ ئەو هەوڵدانە، بۆ ئەو تەکان و ئاڵۆزیانەی رەگی دەرەکی گوتار دەگۆڕێت... بەپێچەوانەوە ئەو راستیەی کە لاکان عەوداڵی رزگارکردنی دەروونناسی لە جۆرێک نەخۆشی ئێسکە، رێگر نابێت لەوەی سەرجەم پرۆژەی ئەو چاک نەکرێتەوە.

رونە ئەگەر لاکان لە ژیاندا بمایە هیچ یەکێک لەمانەی رەتنەدەکردەوە،

پێیوابوو هێڵێک سوقراط بە فرۆید و دوای ئەویش بە خۆی دەبەستێتەوە. لەلایەکیترەوە لەوانەیە ئەو لەگەڵ ئەم دوو رەخنەگرەدا [لاکو، لابارث و نانسی] لەولایەنەوە، کە ئەو لەگەڵ پرۆژەی رۆشنگەری بە تەریب دەزانن، نەیدەتوانی پەسەندی بکات: بەمشێویە «فۆرماسیۆنی لاکان، گوایە شتێک نەبوو بێجگە لە نوێکردنەوەی ژیانی لەو بیلدۆنگی رۆشنگەریەدا (کەلاکان خۆی دەخاتە ژێر چەتری ئـەوەوە) و بیلدۆنگی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، هەرچەندە وەک ئەوەی ئەوان لە سەرچاوەکانی خۆیاندا باسی دەکەن، سەرەتای کتێبی نوسینەکان بە زمانی فەڕەنسی بە ئاماژەیەک بۆ (رۆشنگەری) دەستپێدەکات و وتنێکی شاراوەی خۆویستانە کە بەناوی من بەردەوام بووە لە بەرامبەر (سپێدە)ی کەسێکی نوێ دادەنێت کە میراتی فرۆیدە، چونکە وەک ئەوەی لە خوێندنەوەی خۆی بۆ وتاری لاکان بە ناوی (کانت و ساد) دەبینین، لە چۆن و بۆچی لەبارەی سەرجەمی تێگەیشتنەکانی هیومانیستی و دژە هیومانیستی رۆشنگەری دوا ناکەوێت.

باسی تیۆری پێویستە تیشک بخاتەسەر دەرەنجامە ریتۆریقایی و ستراتیژیەکانی تێزێکی ناوەندی لە تیۆری لاکان- دا، ئەوەی کە (هیچ فرەزمانێک) بوونی نییە، واتە هەرگیز راستی لە باسوخواسێکی فەلسەفی یان زانستی، کە لە باسی پێشەکی و تێگەیشتنی بنچینەیی و شێوازی بونیادی پێکهاتووە، ناتوانرێت بەتەواوی بوترێت. ئێمە وەک ئامانجە وتەبێژەکان کە لە زماندا ماڵمان کردووە، هەمووی، پێش لەدایکبونیشمان، هەڵدراوینە جیهانێک لە وێنا زمانناسیەکان، وێنایەک کە هەمویان دیاری کەرن، لەبەرئەوەی چارەنوسی ئێمە دیاری دەکەن و لەهەمان کاتیشدا شیکار ناکرێن، چونکە تایبەتن بە سنوری بێئاگاییەوە، یان بە وتەی لاکان بە باسێکیترەوە گرێ دراون. لە ئەنجامدا نابێت وەک نمونە ئایدیا بنیاتنەرەکانی

فرۆید لە کۆمەڵێک دەستەی ڕێکخراوی تۆپۆلیژیکدا کورت بکرێنەوە، وەک ئەو پرۆژە سیانیەی کە ئامانج لە نێوان [من، منی بەرزتر، ئۆرگان]دا دابەش دەکات، تێڕوانینێکی سادە کە لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنی کە فرۆیدیان تێدا کورت کردۆتەوە. تەنیا ڕێگەی خۆپاراستن لەم کورت کردنەوە ئایدۆلۆژیە بۆ ئێستا بریتیە لە گەڕانەوەی دوبارە بۆ دەقەکانی فرۆید و خوێندنەوەی ورد و وشە بە وشەیان.

ئایا ئەم وتانە ئاماژەن بۆ واتای پێویستی ڕزگاری ئەدەبیات لە یاری دەرونناسی لاکانی؟ نیگایەک بۆ تێڕوانینێکی تەواو جیاواز، واتە ستراتیژی سلاڤۆی ژیژەک دەتوانێت بەسود بێت. ئەو نەک تەنیا ئەو ئایدیایە پەسەند دەکات کە ئەدەبیات دەتوانێت نمونە بۆ شیکاری تیۆرەکانی لاکان و تیۆرەکانی ئەو پێشکەش بکات، بەڵکو لەهەمان کاتدا زۆر سود لەم نمونانە وەردەگرێت. بەبڕوای ئەو لەوانەیە کەسەکە بڵێت هەر شتێک دەتوانێت بۆ نمونەیەک بگۆڕێت. هیچ جیاوازیەک پێش ئەزمون لە بابەتی پلە، نێوانی دەقە ئەدەبیەکان، فیلمەکان، بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، کارتۆن، وتاری ڕۆژنامەوانی، ئەو چیرۆکانەی بەخێرایی بیستومانە، خەونەکان، نوکتە و بمانەوێت هەر ناوێکیان لێبنێین، بونی نییە. لەو لایەنەوە کە هەرشتێک بە بەرهەمی کلتورەوە گرێدراوە، هەرشتێک دەتوانێت بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کەلە شێوازەکانی لاکاندا فەراهەم کراون، بەتێگەیشتن بگات. بۆ نمونە لە کتێبەکانی awry looking و لە نیشانەکانی نمایشی خود چێژ وەرگرە!

ئێمە بە ناو فیلمەکانی هیچکاک و فەلسەفەی پێش سوقرات، تراژیدیاکانی شکسپیر و فەیلەسوفی هیگڵ، چیرۆکە زانستی - خەیاڵیەکان و فیلمە ترسناکەکان، فیلمی کاسێت و چیرۆکەکانی کافکا، نوکتە دژە

روسیەکان و ئەندێشەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەگەرایی و پۆرنۆگرافی و .... هتددا، دەگەڕێین. لاکان کۆمەڵێک شیکار یان خوێندنەوەی بنچینەیی پێشکەش کردووە، ئەمانە بە سودوەرگرتن لە کلتوری گشتی «وەدیهاتوو» یان کارپێکراون.

ئایا دەتوانرێت ئەمە بە گەڕانەوە بۆ دەروونناسی کارپێکراو لێکبدرێتەوە؟ بەڵێ، بە پاڵپشتی ئەوەی کە فرۆید هەرگیز خۆی لە نوکتە و گێڕانەوەی وتەی شکسپیر، گوتە، یان ئاڵوواڵاترین ئاماژە کلتوریەکان بۆ دروستکردنی خاڵە تیۆریەکان لانەدەدا، نەخێر، بەو واتایەی لێرەدا بەرنامەیەکی سیستماتیک بۆ پەرەپێدانی هەنگاو بە هەنگاوی یەک «سەرو دەروونناسی» یان بەکارهێنانی تەواوی پائیدیایەکی (paideia) کلاسیک ناتوانرێت بدۆزرێتەوە. خوێندنەوەی کلتوری لەم شێوازی دوای لاکانیەدا پردێک دروست دەکات لە نێوان بینینی دریدا لەسەر بنەمای ئەوەی کە «هیچ لـەدەرەوەی دەقێک بوونی نیە» - یان بە واتایەکیتر ناتوانرێت جارێک و بۆ هەمیشە بڕیار بدرێت کە دەقێک لە کوێ «کۆتایی دێت» و «ئەوەیتر»ی ئەو (ئەگەر «ژیان» بێت، یان «راستەقینە»، یان «جیهان») دەستپێدەکات - و بینینی ژیژەک لە بابی نمونەدا بووە بە گشتی و گرێدراو.

ژیژەک لەگەڵ تێگەیشتنەکانی لاکان نەک یەک، بەڵکو چەند نمونەیەکی دۆزیوەتەوە کە زیاتر لەوەی لەناو سیستمێکی رێکخرابن لەناو تۆڕێکی بەهێز لە پێشنیار و کۆمەڵێکی زۆر نهێنی و دژیەکەکاندا رێکخراون، پێشکەوتنێک لە رێگەی چینە جیاوازەکانی نیشانە و روبەر «نمونەسازی» نیشان دەدەن.

لەبەرئەوەیە شێوازی لاکان کە لە ئاوازی کەلامی فرە دەنگ و روبەری نایەکسان لە خەیاڵ دروستبووە، نابێت بەردەوام یان هەڵبوەشێنرێتەوە -ئەم شێوازە رۆڵی سەرەکی لە باسوخواسێکدا دەگێڕێت کە هەوڵدەدات لەکاتێکدا

که ڕێگەمان پێدەداتْ لە دەریای ئەو وشانەدا مەلە بکەین کە ئەوانی وەک ڕاگەیاندنێک پێویستە، لاسایی نادیاری کاری بێئاگا بکاتەوە. زیاتر لەهەرشتێک ئەم ئاڵۆزیە نا هاوسەنگە پێویستە بەشێوەیەک سودی لێوەربگیرێتْ کە بتوانرێتْ چێژی لێوەربگیرێتْ. ئەمەش بەو واتایەیە کە چڕی یان پەستێوراوی شێوازناسی نابێگ ڕێگری نێوان دەق و خوێنەر دروستْ بکاتْ، بەڵکو پێویستە خوێنەر والێبکاتْ بگەڕێتْ.

بەکورتی پێویستە خوێنەر بانگهێشتْ بکرێتْ بۆ ئەوەی زمان نەک تەنیا وەک ئامرازێکی بەسود بۆ پەیوەندی، بەڵکو وەک ڕاگەیاندنێکی چالاکی پێگەی کلتوری ئەزمون بکاتْ و توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هەستێکی نوێ لە کارایی سیاسی یان ڕەوشتی فەراهەم دەکاتْ، بێجگە لەوەی هەندێک جار ڕێگە بە دەرونناس دەداتْ وەک «گوتارێکی چارەسەر» کار بکاتْ.

**سەرچاوە:**

http://library.tebyan.net/newindex.aspx

# جاک لاکان
# بیرمەند و دەروونناس

جۆن لضت

لە فارسییەوە: ئەکرەم میهرداد

هەرچەندە جاک لاکان ئەو بیرمەندە بوو، کە هەموو ئاڕاستەکانی دەروونناسی لە فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەدا گۆڕی، بەڵام پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی بەتەواوی نەریتی و ئایینی بوو. لاکان لە ساڵی 1901 لە خێزانێکی بۆرژوای کاسۆلیک لە پاریس هاتۆتە ژیانەوە، پێش ئەوەی لە دەیەی 1920 لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی ناودار، گیتان دوکولورامبۆ، درێژە بە خوێندن بداتێ، لە سۆربۆن بڕوانامەی پزیشکی وەرگرت، کە لەو سەردەمەدا کارێکی نەریتی بوو بۆ خوێندن و پسپۆڕی دەروونناسی. لاکان لەو پزیشکە ناوبراوە هونەری کلینیکی دەروونی و لە سۆریالیستەکان هونەری هێمایی (ڕەمزی) پڕ نەخش و نیگاری (بارۆک) فێربوو. ئەمەش ئەو زانیاری و شارەزاییە بوو کە یەکێک لە مێژووناسانی دەروونناسی فەڕەنسا، کە (ئەلیزابێس ڕۆدینسکۆ) بوو بە جوانناسی دەروونی ناوی دەبات. ئەم مێژوونووسە کاتێک باسی کارکردنی لاکان دەکات بەم شێوەیە لە سیمینارەکانیدا دەدوێت:

((لاکان وەکو شێوازی پڕ نەخش و نیگاری خۆی، جلەکانی دەپۆشی. پاش ماوەیەکی کورت لە دوای یەکەمین جیابوونەوە بەرەو شانۆی (ئامفی تیاتر سانت ئان) چوو.... لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ، سەرەتا بە دەنگی لەرزۆک و زمانی ناپاراو و سەرئەنجام بەدەنگی بروسکە ئاسا بەشداربوو. لەپێشدا ئەوەی دەیویست بیڵێ دەینووسییەوە، بەڵام لە دیداری بینەران و بیسەراندا، وەکو ئەکتەری (ڕۆیال شکسپیر کۆمپانی) کارامە بوو. ئەو هونەری بەیانکردنی لەلای (گرتا گاربۆ) خوێند و ڕێبەری ڕۆحانیشی (ئارتۆرۆ

ئۆسکانینی) بوو. لاکان هەمیشە نەخشی ئەو کارەکتەرەی دەبینی، کە خۆی بڕوای پێبوو، بە هاوکاری دەنگە بەهێزەکەشی، کە هەمیشە لە بۆسەی شکستابوو، نواندنی ئەنجام دەدا. هەرچەندە ئەو بڕوای بەو بنەمایەش هەبوو، کە ئەگەر کەسێک دەنگی لە جێگایەکی دیکەوە بێت، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئاوێنەی شاراوەی (نەست)ی خۆی، کە ئەمەش نیشانەی ئەو هێزەیە کە بۆ هەمیشە لە ئاستانەی پاشەکشەدایە. ئەو وەکو سیحربازێکی بێ جادوو، گۆرۆیەکی1 بەبێ هیپنۆتیزم و پەیامبەرێکی بێ خودا، بەزمانێکی پاراو بینەرانی سەرسام دەکرد و دەبووە هۆی ژیانەوەی یەک سەدەی رۆشنگەری لە کەنارەکانی ئارەزوو.))

لاکان لە سیمینارەکانی خۆیدا بە هونەری گوتاربێژی ئەو بنەمایەی پیادە دەکرد، کە زمان جگە لە ئاخاوتن و وتنی ئەوەی کە هەیە، توانای دیکەشی هەیە. ئەم بنەمایەی سەرەتا لە دەیەی 1950 فۆرمۆلە کرد. چونکە زمان بەهۆی مرۆڤەکانەوە دەدوێت و هەر بەو پێیەی مرۆڤەکانیش بە هاوکاری زمان دەدوێن.

هەوڵەکانی لاکان بۆ سەرلەنوێ شیکردنەوەی تیۆری فرۆید- یان ئەوەی کە خودی لاکان بە (گەڕانەوە بۆ فرۆید) ناوی دەبرد- لە دەیەی 1930 و بەئیلهام لە بیروباوەڕەکانی (ئەلکساندەر کۆژۆ) دەربارەی هیگڵ دەستی پێکرد. بێگومان لە نووسینەکانی دەیەی 1950دا کاریگەری زاراوەکانی هیگڵ و هەستیاریی هیگڵی سەبارەت بە جیاوازییە وردەکانی نێوان سوژەیی (بکەری) دیالەکتیکی خودایان و هیگڵی بەندە، بەچاو دەبینرێت. ئەوەی کە لاکان دەیویست نیشانی بدات، نەخشی other یان (ئەوی دیکە)یە، مەبەستیشی لەم زاراوەیە other تەنها کەس یان کەسانی دیکە نیە، بەڵکو هەموو پرس و باسەکانی دیکەشە، مەبەستی ئەو هۆکاری بنەڕەتییە لە

بەیانکردنی مەیلی مرۆڤ، ئەو مەیلەیە کە لەسەر نەبوونی بەرکار بونیادنراوە و لە قۆناغی سەرەتایشدا ئەو بەرکارە دایکە لەلای مناڵ. ناسنامە پشتیوانی لە بکەر ناکات، بەڵکو دەیباتە ژێر پرسیارەوە: لە راستیدا مەیل یان ئارەزوو کەلێنی ناو خودی بکەر ( subject) نیشان دەدات.

لاکان بۆ ئەنجامدانی باشتری کارەکانی، دووبارە گەڕایەوە بۆ تیۆری بکەر و رەگەز (سێکس) لەبەرهەمەکانی فرۆید، دیسان ئەو بەرهەمانەی خوێندەوە، بۆئەوەی کۆمەڵێک لە چەمکەکان و بەتایبەتی چەمکی (نەست) رۆشن بکاتەوە و سەرلەنوێ بیان ژێنێتەوە. ئەو لەدەیەی 1950 بانگەوازی دەکرد کە ئەوەی لە هەموو شت رێگری دەکات لە سروشتی گۆڕانساز و شۆرشگێڕی بەرهەمەکانی فرۆید، ئەو دیدەیە کە (خود) Ego لە تێگەیشتنی رەفتاری مرۆڤدا نەخش و کاریگەری بنەڕەتی هەیە. ئەم تیۆرە کە (خود) هۆکارێکی هاوتایە لەگەڵ هەمان مرۆڤدا و یەکسان و سەرچاوەی نایابی هەموو ناسنامەیەکی تاکە، کە نەک تەنها بەهۆی کاریگەریی (هاینتس هارتمان) کرابووە تیۆری دەسەڵاتدار لە دەروونناسی (خود) لە ئەمریکا، بەڵکو بەناو تەواوی رشتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆیشدا بڵاودەبێتەوە. لە راستیدا، سەرەتاکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم (بەتایبەتی لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئینگلیزی زماندا) دەبێتە سەردەمی مرۆڤباوەڕی و باوەڕکردن بە بنەڕەتی بوونی نیەت (خواست)، تێگەیشتن و هۆشیاری مرۆڤ. لەم سەردەمەدا ئەو باوەڕە فەرماندار بوو کە خود- چاک یان خراپ- لە چەقی ژیانی دەروونیی مرۆڤدا بڕیاردەدات. لاکان بە پەیڕەو و دڵنیابوونی بونیادگەری، زمانی وەکو سیستەمێک لە جیاوازییەکان و نەبوونی بەشە پۆزەتیف و ناهاوکارەکان دەبینی، واتە دیدی ئەو بۆ زمان لە جیاوازییە نیگەتیفەکاندایە و هەر لەم روانگەیەشەوە گرنگی و نەخشی زمان لە بەرهەمەکانی فرۆیدا بەرجەستە

دەکاتً. پێش ئەوەی کە ئاڕاسنەی بونیادگەری ناوبانگ پەیدابکاتً، لاکان لە ساڵی 1936 تیۆری ((قۆناغی ئاوێنەیی)) Mirror Stageی خستەڕوو. قۆناغی ئاوێنەیی کاتێک دەستً پێدەکاتً کە تواناکانی کۆرپەی بێ زمان (6–18 مانگ) دەرئەکەون، تەنانەتً پێش ئەوەی کە بتوانێ قسەبکاتً و کۆنترۆڵی جوڵە و تواناکانی خۆی بکاتً. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە منداڵ دەیەوێتً لە ئاوێنەدا خۆی ببینێ یان لە هەڵسوکەوتەکانیدا خۆی تاقیبکاتەوە. ئەم ناسینە بێگومان پرسێکی بەڵگە نەویستً نییە، چونکە منداڵ دەبێتً وێنەی خۆی هەم لە خۆیدا (ڕەنگدانەوەی خۆی) و هەم لە کەسێکی دیکەدا (تەنها یەک ڕەنگدانەوە) ببینێتً. وێنەکانی منداڵ لەگەڵ خۆیدا تەواو وەکو یەک نییە، بوون بە بکەرێکی کۆمەڵایەتی (یان بونەوەری کۆمەڵایەتی) دروستً پەسەندکردنی هەمان ئەو شتەیە. گەشەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی قسەکردن بە تەواوی پەیوەستە بەم ناسینەو پەیدا بوون یان پێگەیشتنی (خود) کە ناوەندی هۆشیارییە، هەمان ئەو ناسینەیە. سەرئەنجام لەم قۆناغەدا زمان و توخمەکانی هێمایی (واتە توخمە فەرهەنگیەکان) بە بنەڕەتی دەژمێردرێن، بەڵام پێش ئەم باوەڕە گشتییە، لە بنەڕەتی بنەمای بکەرێتی مرۆڤدا توخمە بایۆلۆجیەکان یان سروشتیەکان زاڵ بوون بۆ پشتیوانی ئەم وتەیە، ئەوەبوو لاکان لە ساڵی 1953 و لە گوتاری سیمنیاری ڕۆمادا دەیگوتً: (مرۆڤ قسە دەکاتً، بەڵام بەو هۆکارەی کە هێمای ئەو دەبێتە مرۆڤ، یان بەرەو مرۆڤبوون دەچێتً.))

تیۆری سۆسۆر دەربارەی پەیوەندی دڵخوازی نێوان (دال) و (مەدلول) هاوکاتە لەگەڵ دیدگای ئەو بۆ زمان وەکو سیستەمی جیاوازییەکان، و ئەمەش وای لە لاکان کرد لە سەرەتای دەیەی 1960 بڵێتً:

((بکەر Subject، بکەری (دال)ە)). لەبەرئەوەی کە (دال) هەمیشە لە (مەدلول) جودایە (وەکو هێڵی ئەلگوریتمی- فۆرمۆلی- سۆسۆر)2 و بەهرەمەندیشە لە سەربەخۆیی راستەقینە، لە ئاکامدا هیچ (دال)ێک بۆ هەمیشە دالی (مەدلول)ێک نییە. قەڵەمڕەوی (دال) بریتی یە لە قەڵەمڕەوی سیستەمێک لە هێماو سیستەمی جۆراوجۆری نیشانەکان، رەمزەکان، دەلالەتەکان، نواندن و وێناکان. لەم سیستەمەدا تاک دەتوانێ ببێتە بکەر (Subject).

وەکو چارەسەر و کلینیکی دەروونی، کە تاکی دەروون پەرێشان هان دەدرێت هەرچی بە مێشکیدا بێت بیخاتە سەرزمان، زمان دەبێتە ئەو هۆکارە بڕیاردەرەی کە وەکو بیرەوەری کاردەکات. هەر لەبەرئەوەیە کە سیستەمی هێماکان و واژەکان (لە زماندا) لەسەر رێگای مرۆڤ پەیدا دەبن یان بڕیار دەدەن.

بەڵام زمان، تەنها هەڵگری ئەندێشە و زانیاریەکان نییە وە نە تەنها هۆکاری پەیوەندیشە. لاکان دەڵێت: ئەوەی کە دەبێتە هۆی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی پەیوەندیش، هەر دیسان ماناداره. خراپ تێگەیشتن، تێکەڵ و پێکەڵی ئاخاوتن، رەنگدانەوەی شاعیرانە، بەشێوەی گشتی کۆمەڵێک لەو شتانەی (کە وەک مەتەڵ و نەزانینەکانی ناو زمان، یان ئاشوبی فکری، فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەی ناو و شتەکان، خوێندنەوەی هەڵە و هەموو ئەو شتانەی کە لەکتێبەکەی فرۆید (ئاستەنگ ناسی دەروونی ژیانی رۆژانە) باس و شیکردنەوە کراون) لە زماندا و بەهۆی زمانەوە روودەدەن. ئەمانەش ئەو شتانەن کە گاریگەری (نەست) بەهۆیانەوە دەبینرێ یان دەردەکەوێت، هەمان ئەو پرسانەشن کە وایان لە لاکان کرد کە هەڵبژاردە ناودارەکانی زمان و (نەست) بەیەکەوە ببەستێ: ((پێکهاتەی ویژدانی ناهۆشیار (یان خۆنەناس)

وەکو پێکهاتەی زمان وایە)). بۆیە نەست کە ئاخاوتنی پەیوەندار دەپچڕێنێ ئەمەش بەهۆی ڕێکەوتەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای سیستەمێکی بونیادی دیاریکراو دامەزراوە.

لاکان لە ڕۆشنکردنەوەی بەرهەمەکانی (ڕۆمان یاکۆبسن) لە زەمینەی زمانناسیدا، چەمکەکانی ((چڕبوونەوە))، ((لە جیاتی دانان))، (جێگۆڕکێ) ی فرۆید لەگەڵ چەمکەکانی ((وەرگرتن-استعارە)) و ((مەجازی نێردراو))ی یاکۆبسن، پێکەوە گرێدەدا. ئەو لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە، (وەرگرتن) بە (جێگۆڕکێی واژەیەک بەواژەیەکی دیکە) پێناسە دەکات، لە کاتێکدا کە (مەجازی نێردراو) بە (پەیوەندی واژە بەواژەیەکی دیکە) یان جووت بوون دەزانێت. ئەم ئاڕاستەیە توانای ئەوەی بە لاکان داوە کە ((ئامادەبوون)) ی نەست لە زماندا لەگەڵ ئەو کاریگەریانەی کە (وەرگرتن-استعارە) و (مەجازی نێردراو) دروستی دەکەن، بە هاوتا بزانێت. ئەمەش دروست هەمان شێوەی فرۆیدە لە شیکردنەوەی خەوندا، کە بینینەکانی نەست لە خەوندا یەکسان بکات لەگەڵ چالاکی چڕبوونەوە و جێگۆڕکێ.

هەرچەندە زمان، وەکو بەشی نایابی سیستەمی (هێما و بەهایی) لە تیۆری لاکاندا نەخشی سەرەکی هەیە، بەڵام تەنها یەکێکە لە سێ سیستەمە پێکهێنەرەکانی بکەر Subject لە دەروونناسیدا. سیستەمەکانی دیکەش بریتین لە (پرسی خەیاڵی))3 و ((پرسی واقعی)) یان ڕووداو.

لە کاتێکدا کە نەست لەگەڵ پەیدابوونی کەلێن لەبکەردا ئەم سیستەمە بێ ناوەند دەکات، بەڵام لە ئاستی پرسی خەیاڵیدا، واتە لە گوتاری ڕۆژانەی ژیاندا، کاریگەری نەست بەڕەسمی ناناسرێت. لە پرسی خەیاڵیدا بکەر بڕوای بە تیواریی (شەفافیەت) پرسی هێمایی هەیە و نەبوونی واقعیەت لە پرسی هێماییشدا ناناسێت. سەرئەنجام، پرسی خەیاڵی تەنها

ئەو جێگایە نییە کە تیایدا وێنە یان وێنا پەیداببێت، یان بکەر لە چێژەکانی خەیاڵدا نقوم ببێت. لە راستیدا، پرسی خەیاڵی ئەو جێگایەیە کە تیایدا بکەر سروشتی پرسی هێمایی بەهەڵە وەردەگرێت، هەربۆیەش پرسی خەیاڵی دەبێتە مەیدانی تەوەهم، بەڵام وەهمێکی پێویست، کە بریتی یە لەوەی دۆرکهایم باسی ئایینی پێدەکات.

یەکێک لە فۆرمۆڵەکانی لاکان دەربارەی (پرسی واقعی) ئەوەیە کە ئەم پرسە هەمیشە لە (جێگای خۆیدایە)، بۆیەش لە جێگای خۆیدایە، چونکە تەنها ئەوەی لەخۆیدا نەبێت نادیارە یان نائامادەیە، دەشتوانێ خۆی بکاتە پرسی هێمایی (رەمزی) و هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێتە پرسی وێنایی. پرسی هێمایی جێنیشینی ئەو شتەیە کە لە جێگای خۆیدا نییە. رەمز، واژە و زاراوە و هاوتاکانی هەمیشە لە نەبوونی بکەردا پەیدا دەبن یان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. لاکان ئەم ئاراستەیە بە (پرس واقعی) شارەزا بۆ شیکردنەوەی چیرۆکی (نامەی دزراو)ی (ئەدگار ئالان پۆ) بەکاردەهێنێت.

بەڵام لە ئاستی پێکهاتەی بکەری تاکدا (وەکو بکەرێکی رەگەزی-جنسی) ئەو شتەی کە لە جێگای خۆیدا نیە نێرەی دایکە. چیرۆکەکە بەوشێوەیە دەبێت کە پێگەیشتنی کۆرپە بەرەو قۆناغی زمان هاوکاتە لە جودایی ئەو لەگەڵ دایکی. پێش ئەم جیابوونەوەیە، ئاوێتەبوون و پڕبوون هەیە، کە بریتیە لە یەکێتی دایک و منداڵ. دوای جودایی، دایک دەبێتە بەرکاری منداڵ، واتە دەبێتە یەکەمین ئەزموونی لە غیاب. لەلایەکی دیکەوە، منداڵ بۆ دایک جێنیشینی نێرەی لە دەست چووە. دایک لە تروسکایی پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ منداڵ، هەست بە پڕبوون و کەمال دەکات. بەڵام، بەبێ جیابوونەوە زمان پەیدا نابێت. باوکیش بەنۆبەی خۆی ئەو هۆکارەیە کە هەمیشە لە پەیوەندی دایک و مناڵدا دەخالەت دەکات،

بەوشێوەیەی کە منداڵ خۆی بە باوک دەزانێت، دەتوانێ ناسنامەی خۆی دروست بکات. لەم سێناریۆیەدا کە نابێت رەوشی استعاری فەرامۆش بکەین- جێگای دایک (کە جێگایەکی ژنانەیە) لە جێگای (پرسی واقعی)یە، لە کاتێکدا باوک نوێنەری پرسی (هێمایی یان بەهاییە) و جێگای منداڵیش دەبێتە (پرسی خەیاڵی) یان ئەو خەیاڵدانەی کە (لە نێوان هێما-دەسەڵات) و (پرسی واقعی)دا پەیدا دەبێت. بەمانایەکی وردتر و بەتایبەتی لەمانای تاکێتی دا، ناسنامەی منداڵ بەرهەمی پەسەندکردنی جیاوازی رەگەزی یان سێکسیە لەلایەن خۆی. ئەوەی کە لەم جیابوونەوە رەگەزییەدا لە هەموو شتێک گرنگترە، دووبارە ناسینەوەی ئەو خەیاڵە لەلایەن منداڵەوە، کە دایکی ئەندامی زاوزێی پیاوانەی نیە: منداڵ لەم کاتەدا دەبێتە هەڵگری نیشانەی نەشاردنەوەی جیاوازی. لێرەدا لاکان ئەوە نیشان دەدا کە ئەندامی زاوزێی پیاوانە جێگای هێمایی دەبێت و هەرگیز لەوەش کەمتر نابێت، جێگایەکە کە بۆنیشاندانی نێرەبوون باسی دەکات. ئەندامی سێکسی پیاوانە واقعییەو دیارە، بەڵام نێرەی (هێمایی)ە کە دەبێتە (دال)، لەراستیدا نێرە بەهۆی نەخش و کاریگەریەکەی لە دەلالەتدا دەبێتە دالی دەلالەت.

ئەم ئەزموونە تەنها لە ناسینی نەبوونی ئەندامی زاوزێی پیاوانە لە دایکدا (لەلایەن منداڵەوە) پەیدا دەبێت، بەڵکو سەرچاوە لەوە دەگرێت کە (بوونی) دایک چیرۆکی ئەگەری نەبوون بوونە لە خودی منالدا لە رێگای خەساندنەوە (واتە لەبەرئەوەی ئەندامی زاوزێی دایک وەکو هی باوک نیە، بۆیە منداڵ پێی وایە ئەندامی زاوزێی نیە). لە ئەنجامدا (پرسی هێمایی) لە رێگای نەخشی نێرەوە وەکو نمادێک کە خاوەنی هەوو مانایەکە، بکەر لەگەڵ ئاستەنگ یان مردنی خۆی رووبەڕوو دەکاتەوە.

((پرسی هێمایی)) یان ڕەمزی (نمادین) لە گشتی ترین مانادا، ئەو شتەیەکە ماناو یاسا-تەنانەت سیستەم و دەسەڵاتیش- دەبەخشێ. لاکان لەدەیەی 1950دا کە باسی یاسا دەکات، باسی ئەو شتە دەکات کە (بەناوی باوک4) بەرجەستە دەبێت. بەم شێوەیە سیستەمی هێمایی لەناوی باوکدا بەرجەستە دەبێت و کۆمەڵگاش دروست دەکات، وەکو ئاماژەیەک کە باوک و دەسەڵات لەیەک جێگادان. یان دەتوانین بڵێین بە پەیڕەوی لە داستانی فرۆید لە کتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا لە ڕێزی باوکی مردوودا مناڵەکان هەقی خۆیان لە خاوەندارێتی ژناندا بەدەست دەهێنن. بەبڕوای (لوی ستراوس) کە بەرهەمەکانی لەسەردەمی خۆیدا شایانی باس و گرنگی بوون لەلای لاکان، لە هەمان جێگادایە کە یاسا لە دژی زینا لەگەڵ مەحارمدا (واتە سێکس لەگەڵ کەسانی نەشیاو) بەدی دێت.

بەبڕوای هەندێک لە نووسەرانی فیمینیست پەیامی زاڵی مرۆڤناسی فرۆیدی لاکان، سیستەمێکی باوک سالارە، کە تەنها نرخ دەدات بە ڕەگەزی پیاو، یان زیاتر بەها بۆ پیاو دادەنێت. بێگومان لە دیدی زۆرێک لە ژنان، لاکان لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا شتەکان وەکو ژن نابینێ یان ژن ناکەتە گشت. مەبەست لە گوتەی یەکەم، نیشاندانی ئەو خەڵەیە کەلەلای لاکان هیچ چوارچێوەیەک پەیدا نابێت کە (خود)ی ژنانەی تیابێت، یان ژنێتی هیچ خودێکی نیە. هەربۆیەش ڕەگەزێتی (Sexuality) هەمیشە یاری سەرپۆش و پۆشاکە گۆڕاوەکانە. سەرەنجام وتنی ئەوەی کە (ژن) بوونی نیە بەومانایە دەبێت کە جیاوازی ڕەگەزی ناتوانێ لە هیچ شێوەیەکی هێما یان بەهادا خۆی بگونجێنێ، یان ناتوانێت سەرلەنوێ خۆی بنوێنێ. گوتەی دووەم دەربارەی ئەو هەڵوێستەیە کە ژن ئەندامی سێکسی پیاوانەی نیە، و هەربۆیەش نابێتە بەشێک لە پرسی (هێما-بەها) یان دەبێتە بەشێکی لاوەکی لەپیاو. ئەندامی

زاوزێی پیاوانە ئەو نێرەیە کە خودی (دال)ی دەسەڵاتدارە پێش ئەوەی یەکسەر بڵێین کە ئەم وێنایە لە ژن وێنەیەکی نێگەتیفە (وێنایەک کە لە هەموو شێوەکانیدا لەبەرژەوەندیی پیاودایە)، دەبێت بڵێین (پیاو)یش زیاتر لە ژنان نایەوێت، ژن وەکو بونەوەرێکی خەساو بناسێ. لەراستیدا دەبێت بەرەنگاری لەبەرامبەر (واقعیەت) ئەفسانەی خەساندن لەبەرنامەدابێت، کە هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەرئەکەوێت. ئەم بەرەنگاریە نەک تەنها لەزاراوە و وێنەکاندایە، بەڵکو دەبێت لەو هەوڵانەدا بێت کە دەسەڵاتدارکردنی ئەم مانای نەهێشتنە کە لەئەنجامی خەساندندا دێتە دی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئایا ئەم خاڵە راست بێت یان هەڵە، دیان ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە- هەرچەند ناتوانین لێرەدا وەڵامی بدەینەوە- کە ئایا ئەم ((داستان))ەی کە دەروونناسان هەمیشە باسی دەکەن، سەرئەنجام پاساو بۆ ئەو ستەمە پەیدا ناکات کە ژنان لە باری کۆمەڵایەتیەوە دەیبینن؟ پرسیارێکی تەواوکاری دیکەش لەوانەیە ئەوەبێت: ئایا پرسەکە تەنها ئەوەیە کە لە نێوان پەسەندکردنی روخساری هێمایی (رەمزی) درۆیین بۆ ژن (وەکو دایکی نێرە) و لەبەرچاوگرتنی ژنی بەیانکراو بەناونیشانی حەقیقەت، دەبێت چۆن مامەڵە بکرێت؟

رەهەندێکی دیکەی تیۆری لاکان، کە بەتایبەتی لە سیمینارەکانی کۆتایی ژیانیدا ، هەوڵی ئەوە بۆ پایەدارکردنی دەروونناسی لەسەر بنەمای ماتماتیک. بەوشێوەیەی کە ئەگەر (دال)ێک تەنها لەپەیوەندی لەگەڵ (دال)ەکانی دیکەدا مانای هەبێ، کە بتوانین بە (x) ئاماژەی بۆ بکەین. واتە لەلای لاکان (دال)ێک لەبەرئەوەی کە تەنها وێنەیی بێت، دەتوانرێت لە زمانی ماتماتیکدابێت. لاکان، تەنها لەدوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (جاک-ئالان میلەر) وتی: نەستیش تەنها (دال)ێکی لەمجۆرەیە، بۆیەش دەتوانێ هەر مانایەکی هەبێت. واتە مانای ئەو یەکسەر پەیوەستە بەو زەمینەوە کە تیایدا

پەیدا دەبێت لە دەیەی 1960 و سەرەتاکانی دەیەی 1970، بڕواکانی لاکان لەژێر کاریگەری زانای ماتماتیکی وەکو (فرگە، گودل و کانتور) دابوو. ئەو لەم سەردەمەدا زیاتر لە جاران لە رەوشی گوتار بێژی دەرسەکانی خۆی کە لەدەیەی 1950دا سەرگەرمی بوو، دوورکەوتەوە. بەبڕوای رۆدینسکۆ ((پەنابردنی لاکان بۆ ماتماتیک و روخسارکردنی دەروونناسی دوایین هەوڵی ئەوبوو بۆ رزگارکردنی دەروونناسی هەم لە دەستی ریشەکانی هپنۆتیزم و هەم لە دەستی ئەو نەریتانەی کە لە قوتابخانە و کلێسەکاندا دەوترانەوە.

**سەرچاوە:**

جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر (از ساختگرایی تا پسامدرنینه)، ترجمەی محسن حکیمی، انتشارات خجستە، چاپ اول 1377، ل ل 111-116.

**پەراوێز:**

1- گۆرۆ: رێبەرو مامۆستای رۆحانی لە ئایینی هیندۆسیدا.

2- دال-مەدلول: ئەمە ئەلگۆرسیتم یان فۆرمۆلی سۆسۆرە، کە لاکان ناوبانگی بۆ پەیداکردوە. ئەو هێلەی کە (دال) و (مەدلول) لەیەک جیادەکاتەوە، هەمان هێڵی دابەشکردنە لە زانستی جەبردا.

3-Imaginary . وەرگیراو لە چاوگی image کە پێشتر بەمانای وێنە باسمانکرد، نەک خەیاڵ. لەلاتینیدا ئەم دوانە هەمان چاوگیان هەیە. مەبەست لەو ساتەیە کە منداڵ وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت.

4-:name of the father بەناوی باوک ئەم رستەیە لە ئایینی مەسیحیدا لە جیاتی ناوی (خودا) بەکاردێت کە سەرچاوەی هەموو هێماو بەهاکانە.

# تێرمە بەکارهاتووەکانی لاکان

له عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان

جاک لاکان-جیاوازتر لەدەروونشیکارەکانی تر باوەڕی بەوە نییە، کە ئەرکی شیکاریی دەروونی چارەسەر بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو پێیوایە تەنیا رێگەیەکە بۆ ناسینی هەقیقەتی مرۆڤ، هەرچی چارەسەریشە کارێکی لاوەکییە.

بیردۆزی زمانەوانی بەیەکێک لەگرنگترین تیۆرەکانی لاکان دادەنرێت لەسایکۆلۆژیادا ئەویش بەو پێیەی پەیوەندی نێوان دەروون و زمان بەدەردەخات، ئەوەش وادەکات بەقوڵایی ناخ و دەروونی مرۆڤدا رۆبچین، بەتەنیا لەوێشدا ریشەی وشەو نهێنی شاراوەی زمان لە قوڵایی نەستدا دەبینینەوە، کە وابوو کرۆکی زمان لەنەستیدا خۆی دەبینێتەوە و خودی زمانیش لۆژیکی نەست پێکدەهێنێت.

لەوسۆنگەیەشەوە ئەوەی پێویستە لەسەرشیکاریی دەروونی بونیات و ستراکچەری زمانە، هەرئەوەشە وایکردوە لاکان گرنگی بەوشە بدات لەگۆڕەپانی شیکاریی دەروونی.

نەستیش برێتیە لەقەوارەی زمانەوانی و کار لەسەر واتاکان دەکات نەک مەدلولەکان.

**Mirror stage**

تیۆرەی ئاوێنە یەکێکە لەو زیادکاریانەی کە لاکان لەشیکارییەکاندا بەکاریهێناوە، تیایدا پشتی بەزمان بەستوە بەوپێیەی ئاوێنەی نەستە، کە

بەوەش کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی بەجێهێشتووە.

هەرچەندە جاک لاکان- لەقۆناغە بەراییەکانی ژیانی زانستی خۆیدا 3 تێرمی (سیمبولیک، ئەندێشەگەرایی، ریالیستیک)ی بەکارهێناوە، بەڵام لەساڵی 1953وەک سێ سیستم یاخود سێ ئاست قسەیان لەسەردەکات، دواتریش ئەو زاراوانە بۆ سیستمێکی سەرەکی دەستنیشانکردن دەگۆڕدرێن، لەو رێگەیەشەوە رووناکی دەخاتە سەر کارەکانی فرۆید، تەئکیدیش لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر پشت بەو سیستمە سیانەیە نەبەسترێت ئەوا مەحاڵە لەتەکنیک و ئەزموونی فرۆید بگەین.

**برۆمۆ کۆمپلێکس**

هەریەک لە زاراوەکانی(سیمبولیک، ئەندێشەگەرایی، ریالیستیک) جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە و دیدێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاکان وەک سێ سیستم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، کە خاڵی هاوبەشیان هەیە و وەڵامی ئەو پرسیارەش (خاڵی هاوبەشیان کامەیە؟) لەمیانەی ئەو سیمینارە دەداتەوە کە لەساڵی 1974-1975 سازیکردبوو ئەویش لەرێگەی تۆپۆلۆژیای گرێکوێرەی بۆرومۆ.

ئەوسێ سیستمە لەئاستی هێزی عەقڵگەرایی هەرسێ دەستەکەی فرۆیددا نین ،کە لەمۆدێلی ناسراو بەبونیاتگەرایی بەرجەستەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەر هەرسێکیان پێکەوە رووماڵی سەرلەبەری کایەی شیکاری دەروونی دەکەن، هەریەکەشیان لەچوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دوو سیتسمەکەی تردا پێناسە دەکرێت.

هاوکات سەربەخۆییوونی بونیادگەرایی ئەوسێ سیستمە لەگرێکوێرەی بۆرومۆیدا بەدەردەکەن، بەجۆرێک رزگارکردنی هەریەکێک لەبازنەکانی گرێکوێرەی بۆرۆمۆ دەبێتە هۆی سەربەخۆبوونی دوو بازنەکەی تر.

**Symbolic**

زاراوەی سیمبولیک لەنووسینە بەراییەکانی لاکاندا بەکارهێنراوە، دواتر فۆرمێکی ئەنسرۆپۆلۆژی وەرگرتووە. سیستمی سیمبولیک رۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی هەیە لەشیکاری دەروونیدا، لەکاتێکدا سیمبولیک بۆخۆی برێتییە لەرەهەندی زمانەوانی، کە وابوو رەهەندی سیمبولیک یاخود ئاماژەسازی برێتیە لە دال (signifier) وێنەی رەمزی لە زیهندا. بێگومان جیاوازی هەیە لەنێوان چەمکی ئاماژەسازی لاکان لەگەڵ چەمکی سیمبولیکی فرۆیددا، بەجۆرێک لای فرۆیدا پەیوەندیەکی دوالیزمی، تاکێتی نیمچە نەگۆڕ لەنێوان واتا و فۆرمدا هەیە، لەکاتێکدا ئەو پەیوەندییە لەسیمبولیکی لاکاندا نائامادەیە.

**ئەندێشەگەرایی imaginary**

زاراوەی خەیاڵگەرایی لای لاکان برێتییە لە پەیوەندی فرە جەمسەری نێوان منی باڵا (ego) و وێنەی هەڵگەڕاوە، هەروەها تەماهی (گۆڕینەوەی ناسنامە) لەنێوان من و وێنەی هەڵگەڕاوەدا هەیە و ئەو ئاڵوگۆڕی ناسنامەیە(IDENTIFICATION) برێتیە لە لایەنێکی گرنگی سیستمی خەیاڵگەرایی. پەیوەندی نێوان منی باڵاو هاوشێوەکەی پەیوەندییەکی نێرجسییە و بەردەوامیش جۆرێک لە شەڕانگێزی هاورێی نێرجسیەتە.

وەک لاکان دەڵێت کاتێک بۆ جاری یەکەم منداڵ وێنەی خۆی لەئاوێنەدا دەبینێت برەو بەتوانای خۆی دەدات بۆ ناسینەوەی وێنەکەی خۆی لەئاوێنەدا، بەڵام دواتر تێدەگات ئەو وێنە هەڵگەڕاوەیە وێنەی تەواوەتی خۆی نییە، بەڵکو تەنیا وێنەیەکی ئایدیالی جەستەیە کە منداڵ دەیەوێت ناسنامەی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە.

لـەم ئـان و بــۆیــەدا('imaginary matrix)  لاکـان ئـەوە روون دەکاتەوە کەچۆن بواری بینین بەیاسای رەمزی بونیاتدەنرێت. خەیاڵگەرایی رەهەندی زمانەوانیی هەیە و (دال)یـش بنەمای سیستمی سیمبولیک و مەدلول(SIGNIFIED) و واتاش پاشکۆی سیستمی خەیاڵگەراییین. کەوابوو زمان لەیەک کاتدا سیمایەکی رەمزی و سیمایەکی خەیاڵی هەیە و لەسیمای خەیاڵیدا (دیواری زمان) گوتاری ئەویتر دەشێوێنێت.

'imaginary matrix)

**ریالیستیک**

لاکان ئەم چەمکە وەک لێکدژی خەیاڵگەرایی دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی کردووە لەنێوان واقعی و راستەقینەیدا، دەڵێت ریالیستی قوربانی ئەمومژێکە و هیگل  گوتەنەی هەموو واقیعیبوونێک بریتییە لە لۆژیکی بوون و بەپێچەوانەشەوە.

واقعی بـوون شیاوی زانین نییەو لــەدەرەوەی خەیاڵگەرایی و سیمبولیکە.

**سەرچاوە:**

**لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

# جاک لاکان
# تیۆریی دەروونشیکاریی

**نووسینی: ویلیام دێل و تیمۆتی بێل**

**لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد**

جاک لاکان (1901 – 1981) لە پاریس لەدایکبووە، خێزانەکەی هەڵگری ڕێبازی کاثۆلیکی ڕۆمانی بوون. بڕوانامەی پزیشکی لە سۆربۆن وەرگرت و پاشان وەکو دەروونشیکارێک خۆی پەروەردەکرد. پەیوەندییەکی ناخۆشی بە دەروونشیکاری زاڵی ئەوروپاوە هەبوو، لە ساڵی 1953 لە ئەنجوومەنی دەروونشیکاری پاریس دوورکەوتەوە – هەر لەو ساڵەدا بوو وانە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی «ئەرک و پانتایی گوتار و زمان»ی لە ئەنجومەنی نێونەتەوەیی دەروونشیکاری لە ڕۆم پێشکەشکرد (لاکان وەکو «گوتاری ڕۆم» ناوی ئەم وانەیە دەهێنێت). هەر لەو ساڵەدا بوو لاکان دەستیکرد بە پێشکەشکردنی سیمینارە هەفتەییەکانی، ئەم سیمینارانە هەتا کاتی مردنی لە ساڵی 1981 بەردەوام بوون. سیمینارەکانی لاکان لە ڕاستیدا بنچینەییترین ڕێگە بوون بۆ بڵاوکردنەوەی کارەکانی. زۆرترین وتارە بڵاوکراوەکانی لەبنەڕەتدا لە لاپەڕەکانی ئەم سیمینارانەدا هاتوون. ڕۆشنبیرانێکی وەکو ژولیا کریستێڤا و لیوس ئیریگاری بەشداریان لەم سیمینارانەدا کردووە. لاکان لە ساڵی 1963دا، قوتابخانەی فرۆیدیی پاریسی دامەزراند.

بەرهەمەکانی لاکان، بە گشتی تەرخانکراون بۆ فۆرمۆلەبوونی سوبێنکت (سوژە) و ڕۆڵی ناخودئاگا و لەژێر تیشکی بونیادگەراییدا (بەتایبەت زمانناسی بونیادگەرای سوسێر و ئەنترۆپۆلۆژیی بونیادگەرای لێڤی – شتراوس) تەفسیرێکی دووبارە و ڕادیکالی فرۆید و دەروونشیکاری دەهێنێتە پێشەوە. بەو جۆرەی لەنێو هاوسەردەمەکانیدا (وەکو هاینس هارتمەن) باوبوو، لاکان

سەیری چەمکەکانی وەک «ئیگۆ» یان «خودئاگایی» نەدەکرد، کە ئۆتۆنۆم و دەسەڵاتدار و لە روانگەی بیۆلۆژییەوە پێناسەکرابوون. بەپێی تیۆرییەکەی لاکان، ئیگۆ یان خودئاگایی دەکەوێتە نێو دەستووری رەمزی لەپێشدا هەبووەوە (preexisting) و لەنێو سیستەمێکی ماناییدا جێکەوت کراوە، کە هیچ بەشدارییەکی لە خەڵقکردنی ئەو سیستەمەدا نییە. «ئیگۆ»، کە نە ئۆتۆنۆمە و نە دەسەڵاتداریش، ئەو کاتە دەبێت بە سوبێکت یان ئیگۆ، یان «من» (I)، کە بکەوێتە نێو دەستووری رەمزی لەپێشدا هەبوو(preexisting). سەرباری ئەمە، ناخودئاگایی مەیدانی لەپێشدا ناسراوی بایۆلۆژیی نییە، کە پاڵنەرە لیبدوییەکانی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، بەڵکو دوای فۆرماندنی ئیگۆ، خۆی بەتازەیی فۆرم وەردەگرێت. ناخودئاگا هەمان کاریگەرییەکانی ئاراسنەگرتنی ئیگۆیە لەنێو دەستووری رەمزیدا. ناخودئاگا ئەو کاتە دێتەبوون، کە ئیگۆ دەیەوێت لەنێو دەستووری رەمزیدا فۆرم وەربگرێت، بەشێکیشی ناکرێت لەگەڵ سوبێکتدا یەکبگرێتەوە. کەواتە ناخودئاگا ئەم فاکتە ئاشکرا دەکات، کە ئێمە وەکو سوبێکت هەمیشە زیاتر لەوەین، کە ئیگۆی کۆمەڵایەتیمان پێمانی رەوا دەبینێت. ناخودئاگا «زیاتر-بوون»(too-muchness)ی ئێمە ئاشکرا دەکات، ئەم فاکتە ئاشکرا دەکات، کە ئێمە برینین لە خود(Self)ی دابەشبوو. ئیگۆ، کە نە ئۆتۆنۆمە و نە کارایەکی دەسەڵاتدار لەنێو جیهاندا، تەنها برینییە لە وەهمێک، خۆ دروستکراوێکی رەمزییە، کاتێک ناخودئاگا هەڵدەچێت و دزە دەکاتە نێو ژیانی خودئاگاییەوە، ئەوا درز و دابەشبوونەکانیش ئاشکرا دەبن.

لاکان پەرە بەم تێگەیشتنەی فۆرمۆلەبوونی ئیگۆ و ناخودئاگایی دەدات لە بەرامبەر زماننناسی بونیادگەرایی سوسێردا. بۆ لاکان، پەیدابوونی سوبێکتیڤیتە تەنها برینییە لە دەروازەی چوونە نێو تێگەیشتنی زمانەوانییەوە،

وەکو سیستەمێکی هاوکاتی (synchronic system) نیشانەکان و کۆدە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەرهەمهێنەرەوەی مانایە لەنێو پانتای سیمبولی (یان سیستەمی رەمـزی)دا. هەر ئەم دەستورە رەمزییەیە، کە پێگەی تۆ دیاریدەکات، فۆرم بەتۆ دەبەخشێت، تۆ دەکات «بە سوبێکت»، بەمجۆرە ئامادەت دەکات تاوەکو ببیت بە سوبێکتێکی کردارنوێن. پێش لاکان، زۆربەی دەروونشیکارەکان باوەڕیان وابوو ئیگۆ ماڵی ناخودئاگایە، پەرەسەندنی ئیگۆش پەرەسەندنێکی بایۆلۆژیانەیە. لەبەرامبەردا لاکان دەڵێت ئەم پەرەسەندنە لایەنی زمانەوانی و رەمزی هەیە. چوونە ناو زمانەوە، لەدایکبوون و پەیدابوونی سوبێکتیڤێتەی لێدەکەوێتەوە. بەوجۆرەی لاکان لە گوتاربێژییە بەناوبانگەکەیدا «ئەرک و مەیدانی زمان»دا دەڵێت «ئینسان قسە دەکات، چونکە رەمز ئەوی وەک ئینسان دروستکردووە». (ل65) و پاشان لە هەمان وتاردا روونی دەکاتەوە:

«لە راستیدا کاتێک ئینسان دێتە دنیاوە رەمزەکان، ژیانی ئەو دەخەنە نێو تۆڕێکی وەها گشتگیرەوە، کە بە ئەوانیدیکەیەوە دەبەستێتەوە، ئەو کەسانی دیکەیەی دەبێت ئەو «بە گۆشت و خوێن»ـەوە دروست بکەن، تۆڕێکی هێندە گشتگیر، کە کەسانی دیکە لەگەڵ بەخششی ئاسمانی، ئەگەر نا بەهۆی بەخششی پەرییانەوە، چارەنوسی تاک بۆ ئەم دنیایە دەهێنن، تۆڕێکی هێندە گشتگیر، کە کەسانی دیکە گەلێک وشە بە تاک دەدەن، کە دەیکەن بە ئیماندار یاخود بێ ئیمان، یاسای ئەو کردارانەی تاک پەیڕەویان لێدەکات تاوەکو بگات بەو شوێنەی، کە هێشتا پێی نەگەیشتووە و لەودیوی مەرگی ئەوەوەیە، تۆڕێکی بەهێزی وەها، کە تاک لە رێگای کەسانی دیکەوە مانای ئامانجەکەی خۆی لە رۆژی دواییدا دەدۆزێتەوە، رۆژێک وشەیەک، یان بوونی ئەو دەبەخشێت یاخود مەحکومی دەکات...» (68).

سوبێکت لە بارودۆخی نائاکایەتی و پێشزمانی (nonindividuated and prelinguistic) نەک بەهۆی میانگیرییەکی راستەقینەوە، بەڵکو راستەوخۆ دەچێتە نێو دنیایەک لە رەمزەکانەوە، کە لە روانگەی کولتوورییەوە دروستکراوە، ئەو دنیایەی هەر دەستووره رەمزییەکەیە، ئەو دنیایەی سلاڤۆی ژیژەک پێیدەڵێت «وەک خۆرەیەک جەستەی زیندوو کۆلۆنیالیزە و داگیر دەکات» (موتڵەقی ناسک، ل91). ئەگەرچی بوونی مرۆڤی وشیار و خودئاگا لە رێگای زمان و لە روانگەی کولتوورییەوە دروست دەبێت، بەڵام سوبێکت ناتوانێت ئەمانە بەم ئاوایە بناسێت، کە هەن، بەڵکو وەک خودی واقیعییەت ئەزموون (یان تەنانەت خەیاڵ)ی دەکات.

لاکان زاراوەی ریاڵ بەکاردەهێنێت، تاوەکو ئاماژە بەو شتە بکات، کە بەڕاستی «لەوێ»یە، «لەوێ»یەک، کە جیا لە دەستوری رەمزی و لەدەرەوەی سیستەماتیزەی ئەم دەستوری رەمزییەی شتەکانە. سوبێکتی ئینسان، کە لەلایەن دەستوری رەمزییەوە دروستکراوە، بە رادیکاڵی بە ریاڵ نامۆ و بێگانەیە. وەک بڵێی بەجۆرێک ریاڵ شتێکە دەستمان پێی ناگات.

لای لاکان، ئەو قۆناغە گرنگەی ئیگۆی تێدا گەشە دەکات، ئەو قۆناغەیە، کە تێیدا سوبێکت دەچێتە نێو قۆناغی خەیاڵییەوە، ئەم قۆناغە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی بە قۆناغی ئاوێنەییەوە هەیە (بۆ زانینی زیاتر دەربارەی ئەم دوو قۆناغە بگەڕێنەوە بۆ «قۆناغی ئاوێنەیی وەک پێکهێنەری ئەرکی 'من' بەو جۆرەی لە ئەزموونە دەروونشیکارییەکاندا سەلمێنراوە»، بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1949دا بڵاوکراوەتەوە). خەیاڵی ئەو قۆناغەی منداڵە بەر لەوەی بچێتە نێو دەستوری رەمزییەوە، هەروەها تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵی دایە و لەگەڵ دەستوری رەمزیدا کاردەکات. قۆناغی خەیاڵی ئەو قۆناغەیە، کە منداڵ بەهۆیەوە وەک «من»، (سوبێکت، سوبێکتێک لەنێو سوبێکتەکانی

دیکەدا) لەخۆی بەئاگا دێنەوە. خەیاڵی ماتریکس و شوێنی گشتی خود (self) و ئەوانیدیکەیە.

لاکان وەک ئامرازێکی گرنگ لە قۆناغی ئاوێنەیی دەڕوانێت، کە منداڵ بەهۆیەوە رێگە بەرەو خەیاڵی دەکاتەوە. قۆناغی ئاوێنەیی لەنێوان تەمەنی شەش تا هەژدە مانگیدا روودەدات، واتا ئەو کاتەی منداڵ بۆ یەکەمینجار (لەچەشنی ئەوانیدیکە) وەک خودێکی یەکپارچە لەخۆی دەڕوانێت. لەم قۆناغەدا، منداڵ نە دەتوانێت قسە بکات و نە دەتوانێت رێگە ببڕێت، خۆی وەک «من» دەناسێتەوە. بەڵام لە راستیدا ئەم ناسینەوەیە بریتییە لە هەڵەناسینەوە (یان چەوت ناسینەوە) (misrecognition)، چونکە ناسینی خۆی وەک ئەویدیکە وایە، بەئوبێکتبوونی خودی منداڵ لەو وێنەیەدایە، کە لە دیمەن و پێگەکەیدا لە دەرەوەی خودی منداڵەکە وەستاوە. لەم پنەوە، قۆناغی ئاوێنەیی، کە رێگایەکە بەرەو خەیاڵی، لەوانەیە «یەکێک بێت لە قەیرانەکانی نامۆبوون، کە سوبێکتی لاکانی تێیدا ئۆرگانیزە و دروست دەبێت، چونکە خۆی لە رێگای وێنەی دەرەکییەوە دەناسێتەوە و ئەم ناسینەوەیەش لەرێگای خۆ-نامۆبوونەوە دەناسێتەوە». (سیڤەرمەن، ل158)

بەپێی گێڕانەوەی لاکان بۆ گەشەکردنی منداڵ، چوونە ناوەوەی منداڵ وەک سوبێکت بۆ نێو زمان، هاوکاتە لەگەڵ جیابوونەوەی خودی منداڵەکە لە دایکی. کەواتە دایک یەکەمین ئەزموونی نەبوون (نائامادەیی) منداڵە، کە هەلومەرجەکانی ئارەزوو دروست دەکات. ئەو ساتەی منداڵ دەچێتە نێو دەستووری رەمزییەوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دایکی لەدەست دەدات، ئەوا باوک دێتە نێو پەیوەندی دایک/منداڵەوە. ئەو کاتەی منداڵ دەبێت بە سوبێکتێکی نێو دەستووری رەمزی، ئەوە باوکە شوناسی ئەم دەستورە رەمزییە وەردەگرێت. ئەو دەستورەی سوبێکتەکان دروست دەکات و هاوکات بەسەر

سوبێکتەکانیشدا زاڵ دەبێت. بەم هۆیەوەیە، لاکان هەندێکجار بە دەستوری ڕەمزی دەڵێت «ناوی باوک» (le Nom–du–Père)، کە لە زمانی فەرەنسیدا هاوواتای «نەخێر باوک»ـە (the Name of the Father). ئەم دەستورە تەعبیر و دەلالەت لە دەسەڵات و قەدەغەکردنێکی خودا ئاساییانە دەکات. کەواتە منداڵ لە هەردوو ماناکەدا دەبێت بەسوبێکت (subjected): تەسلیمی یاسای پانتای ڕەمزی دەبێت (ئەو یاسایەی یەکسانە بە یاسای باوکسالاریانە/نەخێری باوک)، هەروەها وەک سوبێکتێکی کردارنوێن لە جیهاندا دروست دەکرێت.

لێرەوەیە فالووس (phallus) دێتە ناوەوە و دەست دەکات بە قسەکردن. لای لاکان و هەروەها لای فرۆیدیش، یەکێک لە سەرەتاییترین ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵی لەو جیاوازییە سێکسوالییە دایە، کە دایک زەکەری نییە، بەڵام بۆ لاکان، ئەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە، مانای ڕەمزی (سیمبولی) زەکەرە، ئەو مانایەی لاکان بە بەکارهێنانی زاراوەی «فالووس» هەمیشە بۆی دەگەڕێتەوە و جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئەوەی لەم دەستوورە ڕەمزییەدا گرنگی هەیە، بەشێک لە جەستە نییە، بەڵکو دەلالەتەکانییەتی. یەکەم، فالووس دەلالەت لەسەر جیاوازیی سێکسوالی دەکات. دووەم، لەبەر ئەوەی باوک (کە یەکسانە بە دەستووری ڕەمزی) زەکەری هەیە و دایک (کە یەکسانە بە بارودۆخی پێشزمانی خۆشییەوە بەر لەوەی بچێتە ناو دەستووری ڕەمزییەوە) زەکەری نییە، کەواتە فالووس لە دەستووری ڕەمزیدا دەلالەت لە نەبوون/غیاب دەکات. بۆ لاکان، فالووس هەم دەلالەت لەسەر نەبوونی ژن و پیاو، هەم دەلالەت لەسەر وابەستەیی و زیانی سوبێکتیڤیتەی پیاو و ژن دەکات لەنێو دەستووری ڕەمزیدا. لەوانەیە باوک بەهۆی منداڵەوە لەگەڵ ڕەمزیدا شوناس وەربگرێت، بەڵام خودی باوک ڕۆژێک منداڵ بووە و کراوە

بە سوبێکت و تەسلیمی هەمان یاسا بووە و هەمیشەش وابەستە بەو یاسایە، شتێکی ناتەواو بووە و هەرگیز بە تەواوەتی دەستی بەسەردا نەگرتووە. هیچ کەسێک ناتوانێت فالووس داگیر بکات و دەستی بەسەردا بگرێت. هەمووان «خەسێنراو»ن. دیبۆرا کراوس، ئینجیلناسی فیمینیست، بەم ئاوایە باس لەو چەمکە دەکات «خەساندن هەر ئەو ملکەچییەیە، کە پەیڕەوی لە بنەمای دەرفەتی یەکسان دەکات».

هەندێک لە لێکۆڵەرانی بواری ئایین و جێندەر، ئەم روانگەیەی لاکان بەسوودمەند دەبینن، چونکە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە دەستووری رەمزیدا هەرگیز باوکسالاری و بونیادەکانی جیاوازی سێکسوالی، شتگەلێکی جەوهەری نین. بۆ لاکان، لە جیاوازی سێکسوالیدا هیچ شتێک جەوهەری یان «سروشتی» نییە. ژن، پیاو، ژنانەیی، پیاوانەیی، هەمووان ئەو دروستکراوە رەمزییەن، کە سیستەمی سەرکوتکەری مانا (کە ماسکی ریاڵی بەستووە) ئەوانەی بە شێوەیەکی زۆردارانە دروستکردووە.

بەوجۆرەی پێشتر باسمان کرد، ناخودئاگا (نەست) لەوساتەدا دروست دەبێت، کە سوبێکت/ئیگۆی تێدا دروست دەبێت. ناخودئاگا هەر ئەو ئاکامی سەرکوتکردنەیە، کە لەمیانەی تەسلیمبوون و چەوساندنەوەدا هاتووەتە ئاراوە. لەگەڵ فۆرمۆلەبوونی ئیگۆدا، هەموو ئەو شتانەی ناچنە ناوەوەی دەستوری رەمزییەوە (پاشماوەن) سەرکوت دەکرێن. ناخودئاگا بریتییە لە «بەشی سانسۆرکراو»ی ناو مێژووی ژیانی دەروونی (بڕوانە ئەرک و مەیدانی گوتار و زمان لە دەروونشیکاریدا، ل50). ناخودئاگا ئەویدیکەیەکی ناوەوەیە – یان بە مانا فرۆیدییەکە، «غەریبەیەکە» (unheimlich)، کە لەماڵی خۆیدا (selfhood) قەتیس بووە – ناخودئاگا خۆی لە ناوەوە و لە رێگەی زمانەوە ئاشکرا دەکات، بە زۆری لە رێگای پچڕانەکانەوە – هەڵەگوتنەکان، لوغزە

زمانییەکان و لەبیرکردنی ناوەکانەوە – دەردەکەوێت. درزگەلێک لە سوبێکت و جیهانەکەیدا دروست دەکات، ئاوەکو کردەییانە سروشتی وەهمییانەی خۆی ئاشکرا بکات. بە مانایەکی دی، دزەکردنی ناخودئاگا بۆ نێو بوونی خودئاگاوە ئەم راستییە ئاشکرا دەکات، کە سوبێکت بونیادێکی ناپتەو و نەرمە و هەرگیز جێگیر نییە و لەدەرەوەی هەموو گشتێتییەکەوەیە. بەقەولی لاکان «ناخودئاگا بەشێکە لە گوتاری کۆنکرێتی... کە لەبەر دەستی سوبێکتدا نییە تاکو بتوانێت بەردەوام گوتاری خودئاگایی خۆی دابمەزرێنێت» (سەرچاوەی پێشوو، ل49). ئەوە دزەکردنی ناخودئاگایە بۆ نێو خودئاگاوە ئەم توانایيە بەسەر تاکی خودئاگادا دەکاتەوە، کە ریاڵ لێرەیە، بەڵام لەدەرەوەی دەستپێگەیشتنی ئاکەوەیە.

چۆن دەتوانین لای لاکان لە ئایین تێبگەین؟ لەلایەکەوە، بەوجۆرەی لە لاکانەوە گواستمانەوە و باسمان لە «یاسای باوک» کرد، ئایین هەر ئەو لایەنە رێکخەر و گەرەنتیکەرەی باوکسالارانەی دەستووری رەمزییە، کە زاڵە بەسەر بوونی سەرەتایی و پێشزمانییەوە و ریاڵ لە دوورەوە دادەنێت. کاتێک دەڵێن دۆرکهایم وتوویەتی ئایین «وەهمێکی زەرووریيە»، رێک بەم ئاراستەیەدا دەڕوات. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی پێیدەگوترێت ئەزموونی ئایینی (یان ئەزموونی موقەدەس یاخود عیرفانی یان بەتەواوی ئەویدیکە)، لە راستیدا دەشێت دزەکردنی ریاڵ بێت بە نێوانگری و نوێنەرایەتی ناخودئاگاوە. ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەی ئەزموونی ئایینی، واتا روانگەی دەروونشیکاریی لاکانی بۆ دیاردەی ئەزموونی ئایینی، ئەزموونی ئایینی بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ئەویدیکەیەدا دەبینێت، کە بەوجۆرەی ناوەکیانەیە، هاوکات دەرەکیانەشە. کەواتە نابێت ئەویدیکەیەکی ناوەکی غەریبە (بێلانە) بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ باڵایەتی (ترانسێندێنت) ببینین،

بەڵکو پێویستە وەک ئاکامێکی سەرکوتکردن سەیری بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەزموونی ئایینی نیشانەیەکی ریاڵە، کە لە بنەڕەتدا لەودیوی بوونی عەقڵانیانەی ئێمەوەیە.

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

William E. Deal and Timothy K. Beal: THEORY FOR RELIGIOUS STUDIES, ROUTLEDGE New York • London, .93–2005, pp. 89

## سەرچاوەکانی نوسەر


Further Reading

By Lacan

The Function and Field of Speech and Language in"❊ Psychoanalysis." In Ecrits: A Selection, translated by Alan .Sheridan. London: Tavistock, 1977

The Mirror Stage as Formative of the Function of"❊ the I as Revealed in Psychoanalytic Experience." In Ecrits: A Selection, translated by Alan Sheridan. London: Tavistock, .1977

The Signification of the Phallus." In Ecrits: A Selection, " .translated by Alan Sheridan. London: Tavistock, 1977

The Agency of the Letter in the Unconscious or Reason" since Freud." In Ecrits: A Selection, translated by Alan .Sheridan. London: Tavistock, 1977

Four Fundamental Concepts of Psychoanalysis. Translated
.by Alan Sheridan. New York: Norton, 1978

About Lacan

Bible and Culture Collective. The Postmodern Bible. New
Haven: Yale University Press, 1997. DiCenso, James J. The
Other Freud: Religion, Culture, and Psychoanalysis. London
.and New York: Routledge, 1999

Evans, Dylan. Introductory Dictionary of Lacanian*
.Psychoanalysis. New York and London: Routledge, 1996

Halpern, Richard. "Creation: Lacan in Kansas." Journal
for Cultural and Religious Theory 2 (2000): <www.jcrt.org/
.<archives/02.1/halpern.shtml

Raschke, Carl A. "God and Lacanian Psychoanalysis:
Toward a Reconsideration of the Discipline of Religious
Studies." In Religion, Society, and Psychoanalysis: Readings
in Contemporary Theory, edited by Donald Capps and Janet
.Liebman Jacobs. Boulder, Colo.: Westview Press, 1997

Roustang, François. Dire Mastery: Discipleship from
.Freud to Lacan. Translated by Ned Lukacher
Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1999.

Silverman, Kaja. The Subject of Semiotics. Oxford: Oxford
.University Press, 1983

Winquist, Charles. “Lacan and Theology.” In Post–
Secular Philosophy: Between Philosophy and Theology, edited
.by Phillip Blond. London and New York: Routledge, 1998
Wyschogrod, Edith, David Crownfield, and Cark
A. Raschke, Eds. Lacan and Theological Discourse Albany: State
.University of New York Press, 1989
Zizek, Slavoj. The Fragile Absolute Or, Why Is the
.Christian Legacy Worth Fighting for? London: Verso, 2000

# شا ڕێگەی زمانی عەقڵ و شاگردە زیتەڵەکەی سیگمۆند فرۆید

له ئینگلیزییەوە: ماجد خەلیل

جاک لاکان، پزیشک و شیکەرەوەی دەروونی و زانای فرە بوارو فرە رەنگی سەدەی بیستەمی فەڕەنساو خۆرئاوا، قوتابخانەی دیاری دنیای رەوانشوناسی و داهێنەر و دوێنەری زمانی شاراوەی عەقڵی مرۆڤەکان. ئەو تەنیا بیرمەندێکی کایە و کیانی فەلسەفەی دەرونزانی نەبوو، ئەو تەنها پرۆفیسۆرو وانەبێژێکی نێو زانکۆی پاریس نەبوو، بەڵکو شۆڕشێک بوو لە گۆڕینی ئاراستەی تێگەیشتنەباوەکانی دونیا سەبارەت بە رامانی فەلسەفەو فەنی دوواندنی عەقڵی مرۆڤ.

لاکان شۆڕشێک بوو لەنێو زانکۆی پاریسدا، شۆڕشێک بوو هێندەی شۆڕشی فەڕەنسی دەیـان ساڵ پێش خـۆی، تین و تـاوی دایـە زانستە مرۆڤایەتییەکانی خۆرئاوا. ئەو دیارترین نموونەی ئەو پزیشکانە بوو کە بەڕۆحێکی رەسەنو رەوگەیەکی کلاسیکییەوە، ژیانی دایەوە بەسیگمۆند فرۆید. چونکە کاتێ ئەو هەبوو، دروست سیگمۆندیش هەبوو، ئەو رۆحێکی نوێی فرۆید بوو، بەڵام رۆحێک لەپاش جەنگی جیهانی دووەم، لەپاریسەوە هەڵتۆقا. لاکان بۆ ماوەی 30 ساڵی رەبەق لە زانکۆی پاریسدا بێ دابڕان، سیمینار و موحازەرەکانی بوونە سەنەمێک و شەیدایانی دەرونزانی بوونە بەندەی .

بیرمەندانو دەروونناسان و ئاشنایانی بواری دەروننناسی، جاک لاکان بەیەکێک لە هەرە زانا مەزنەکانی بواری شیکەرەوەی دەرونی دادەنێن، کە لەپاش فرۆیدەوە توانیویەتی دەستکەوت، دەرەتانێکی ئێجگار مەزن بداتە

توێژینەوە ئەکادیمییەکانی بواری رامان، رۆچوون لە دەروونی مرۆڤ و لەمەیدانی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدزمیشدا هەنگاوی گەورەو بێ وێنەی هاویشتووە.

سیمینارە زارەکییەکانی جاک لاکان وەک مامۆستایەکی زانکۆی پاریس ناوبانگی ئەویان هێند بردە پێشەوە، کە لە ساڵی 1953 بەدوواوە ئیدی ئەو بۆخۆی بووە مەدرەسەیەکی سەربەخۆو سەهەندی تیۆرەکانی بەسەر بیرکردنەوەی دەروونناسانی تەواوی ئەوروپاو دنیاوە جێهێشت. هەتاوەکو ئێستەیش توێژینەوە لەمەڕ بەرهەمو بیروڕاکانی جاک لاکان بەرەو بەرینتر دەڕواتو دیارترین وەرچەرخانێکیش کە ئەو کردی ئەوە بوو، کە تیۆرەکانی بوونە قەڵایەکی تۆکمەو تەییار بۆ پشتیوانی لە دەرونشیکاریی فرۆییدو ئیدی رەوتێکی تری دایە نەیارانی فرۆید، ئاراستەی فرۆیدیزمی خستە سەر رەوگەیەکی نوێ و لەتەک ئەکادیمیستانی بواری شیکارە دەرونییەکان ئاشتی کردنەوە .

جاک لاکان لەخانەوادەیەکی بۆرجوا هاتە دوونیاوە، ناوبراو ساڵی 1901 هاتووەتە دونیاوە. ئەو بۆخۆی لەسەرەتادا رشتەی پزیشکیی دەخوێنێت، دوواتر وردەوردە دەست و پەنجەی لەتەک زانستی دەرونشیکاریدا نەرم دەکات. بەجۆرێک لە چلەکانی سەدەی رابردوودا بەفەرمیی تێکەڵ دەبێت بەکۆمەڵەی پاریسیی بۆ شیکارە دەروونییەکان. لاکان پێشتر لەساڵی 1932 توانی دکتۆرا بەدەستبێنێت، ئیدی بەتەواوی یەکلا بوویەوە بۆ تێکەڵکاری و بەراوردی نێوان پزیشکیی دەروونی و شیکاری دەروونی، ئیدی جاک لاکان لەو مەیدانەدا بووە پێشەنگی تیۆرە وروژێنەر و جێبایەخەکان، لەسەر دونیای ژن و مەفهومی سەرنجڕاکێش و پەی پێنەبردووی لەمەڕ پرۆسەی سێکس، جوتبوون، زانیاری نوێی لەسەر خۆشەویستی، ماهییەتی نزیکبوونەوەی کچ

و کوڕی هێنایە ئاراوە، چونکە هەوەڵجاربوو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕاڤەی وتەگەلێک بکرێت کە شەیدایانی بواری سێکس بەپیرییەوە بچن.

جاک لاکان وتەکانی هەمیشە ببونە سەردێڕی نوسین و هەوادارییی گەنجان بۆی مشتومڕو جەدەلێکی نوێی زانستی لەتەواوی ئەوروپادا خولڤاندبوو. هۆڵی موحازەرەکانی لەپاریس ببویە شوێن کەیفی هەموو ئەو میوانە زانستخوازانەی کە دەهاتن لەوێ بەدرێژایی دەیان ڕۆژ لە وانەکانیدا ئامادە دەبوون. جاک لاکان بەتوانا نوێگەرییەکەی لەنەخۆشییەکانی عەقڵ، شێتی و تایبەتمەندیی بیری ژن دەدووان، هەموو تیۆرەکانی قوتابخانەی سایکۆلۆجی و سایکۆلۆجی فرۆیدی دایە بەر نەشتەری توێژینەوە، لەبەرامبەر کۆمەڵەی نێونەتەوەیدا بیرەکانی خۆی نومایاندەکرد.

جاک لاکان بەسود وەرگرتن لە دونیای فەلسەفەو بە شەنو کەوکردنی هیگڵ، هایدگەر و ئاشنایەتی بەتەواوی ئەم بیرمەندانە بول الیوار واندریە مالرو وجورج باتای وجان لوی بارو. چەندانی تری کایەی زانستە مرۆڤایەتییەکان تایبەتمەندییەکانی هەموویانی تێپەڕاند. چونکە ئەو پێی وابوو پزیشکی دەرونی و شیکاری دەرونی لەنەخۆشییەکانی زیهنو خودو عەقڵدا کافی نین، بەڵکو ئالایە زمانو ئەدەبی سوریالیو لەو پێودانگەشەوە قەسیدە شێوە زانستی، ئەدەبییەکانی ئێجگار ڕەواجیان پێداکرد. ئەو ئەدەبوو کەشفکردنی موعەمای زمانی لە زانستی شیکاری دەرونیدا، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی زانستی سەلماندو تێکەڵکارییەکی جدی لەو پێناوەدا هێنایە بەرهەم.

لاکان لەمیانی شیکارەکانیدا ئیدی بوویە خاوەنی تیۆرێکی دیارو بەرچاو کە ناسرابوو بە تیۆری زمانەوانی لەشیکاری دەرونیدا، ئەو پێی وابوو

زمان و وشە دەربڕی ناخن، وابەستەیەکی تەواوی دەلالەتەکانی خەونیشی لەپەیوەست بە زمانەوانییەوە لێکدابوویەوە، بەم هەنگاوەی نوێترو قوڵتر لە فرۆید توانی شۆڕبێتەوە بۆ نێو دونیای خەون. دیارە جاک لاکان بێبەش نەبوو لەرەخنەو رەخنەگرتن و هەڵاوسانی دەنگی جیاواز لەبەرامبەر تیۆرەکانیدا. هەربۆیە هەندێک بە شێت و سەرلێشێواو راڤەی بۆچونەکانیان دەکرد، بەڵام تاوەکو ئێستایش تیۆری زمانەوانی لە زانستی دەروناسیدا بە گرنگترین ئەو تیۆرانە دادەنرێت کە پەیوەندی نێوان دەرون و زمان نومایان دەکات و کۆدی عەقڵی مرۆڤ لە سەرنجەکانی ئەودا دەدۆزرێتەوە. هەرچەند کەنوسینەکانی جاک لاکان دژوارو ئاڵۆز بوون و بەسانایی لێیان تێنەدەگەیەنران، بەڵام لەنێوەندی رۆشنبیریدا لەودەمەدا گرەوی لە زۆرترین بیرمەندانی فەرەنسا، ئەوروپا بردبوویەوە، چەنکە نوسین و مەقالەکانی پڕفرۆشترینی پەنجاو شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردووبوون.

جاک لاکان لەبەرئەوەی پێی وابوو زمان بریتییە لە دەربڕی لاشعور و هەستی شاراوەی مرۆڤ، بۆیە کلیلی دواندنی لائیرادی مرۆڤی لەشێوە و شکڵ و کۆدەکانی زمانی مرۆڤدا دۆزییەوە، لەوێوە هەم راما هەمیش شۆڕبوویەوە بۆنێو دونیای لاشعوری مرۆڤەکان. ئەو لەومیانەدا نێوبانگی گەیشتە لوتکە بەتایبەتی کاتێک کتێبەکەی بەنێوی (کتابات) بڵاوکردەوە. هاوکات توانی بەم شێوەکارەی سەرلەنوێ لەسەربنەمای زانستی زمانەوانی وابەستەییەک بەشیکاری دەروونیو شیکاری پزیشکی دروستبکات کە هەم کارەکانی لدی فردیناند دی سوسیر وروماں یاکبسونی لەم بوارەدا پێشخستن، هەمیش سەرلەنوێ تیۆرەکانی سیگمۆند فرۆیدی بە بەرگێکی نوێترەوە نومایان کردنەوە.

پێشتریش تێزەکەی خۆی لەساڵی 1932 بەناوی دەرون و زهانی

بارانوئی بڵاوکردەوە، کە وابەستەی کردبوو بە کەسایەتی مرۆڤەکانەوە. ئەو پێچەوانەی قوتابخانەی ئەمریکییەکان لە پەنجاکاندا کە لەبواری شیکاری دەرونیدا کاریان دەکرد، پێی وابوو ئاوێنەبوونی گونجانی تاکەکان لەتەک کۆمەڵگەدا لەپێشەوەی کارە نەک بەپێچەوانەوە. هاوکات لەساڵی 1953 دا راپۆرتی رۆمای خستەڕوو کە لەوێدا رۆڵو کایەی زمانو وتەی لەشیکاری دەرونیدا خستەڕوو. جاک لاکان هەر لەکایەی زانستی خۆیدا ژیا تاوەکو ساڵی 1981 کۆچی دووایی دەکات.

خاڵی گرنگی جاک لاکانو تایبەتمەندی ئەو لەوەدایە کە دەستی بۆ بابەتێک برد، لەسەر ئاستی نوسەرو بیرمەندو شیکەرەوە مەزنەکانی وەک سیگمۆند فرۆید، بە بەڵگەی زانستی رووبەڕووی مەترسیو عەیبو عار ببوویەوە، بەڵام جاک لاکان هات ئەو بوارەی نەک هەر زیندوو راگرت، بەڵکو بوویە شاگردێکی زیتەڵی سیگمۆند فرۆیدو لەو پێناوەدا ئەسپی خۆی تاودا. جاک لاکان جیاوازی لەتەک بیرمەندو تیۆری قوتابخانە مەزنەکانی وەک ئەمریکا و ئەوروپا ئەوە بوو، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمیو بەدرێژایی ژیانی لەگەرمو گوڕترین نێوەندی دونیادا بۆ فیکرو فەلسەفەو دەروناسی لەپاریسەوە دەستپێکرد، بۆیە هەم ئەزموونی هەبوو ، هەمیش زانستو شیکار، هاوکات لەمەودای کاریدا ئەو داهێنانەی کە جەختی لەسەر دەکردەوە، کە پەیبردنو پەلکێشی ماناو مەدلولی زمان بوو بۆنێو کایەی زانستو دەرونو هەستی شاراوەی مرۆڤ، ئیدی ئەو توانی چەمکەکان لێک بداتەوە و قسەی خۆی لەسەر گوتارو وتارە جیاوازەکان هەبێت کە لە زمانەوە دەهاتنە گۆ.

دیارە لەئێستادا شیکاری نەفسی و سایکۆلۆجی نوێ کە بایەخی ئەوتۆ بە تیۆرەکانی سگمۆند فرۆید و شوێنکەوتووانی دەدەن، لەوانە جاک لاکان کە دیارترین مەچەکی بەهێزی فرۆیدە لەنێو شیکارەکانی زانستی نوێدا

بۆ شیکاری دەروونی، کە لەزانکۆ گرنگەکانی دونیادا باسی لێوەدەکرێت، تیۆری ئەکادیمی لەبارەیەوە دەخرێتەڕوو. جاک لاکان بۆخۆی رووتترو نیاتر فەلسەفەو بایەخی زمانی هێناوەتە نێو بیۆلۆجی و دەرونی مرۆڤەوە. ئەویش وەک فرۆید گرنگترین وەستانی لەسەر پەیوەندییە سۆزداری و جنسییەکان کردووە، توانیوییەتی بەچەمک گەلێک بایەخی پەیوەندی زارۆی شیردەرو خواستە لاشعورییەکانی بەدایکییەوە ببەستێتەوە بەو خواستە لاشعورییەی کە نێرینەییەکی مرۆڤ لەتەک مێینەیەکدا هەیەتی.

جگەلەوەش جاک لاکان ئەوەی کە لەپەیوەندی سۆزداریدا خستویەتە روو، لە ئێستادا دەروناسان بایەخی زیاتریان خستووەتەڕوو، بەتایبەتی لەئێستەی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دەزانیین کە رەوشی ناهەمواری ئابووری، کێشە، گرفتەکانی جەنگ، ململانێ و ئەو کەئابەی ژیانی تاکی ئەوروپی تەنیوە، هەمووی بە وابەستە بە زمان و ئەداو دەنگ شیکارکردووە. هاوکات بەشێک لە قوتابخانە شیکارییەکانی دەروناسی، هێزی سێکس، تین، تاوی وابەستەبوونی لەنێوان دووکەسدا، کە دەیگەڕێننەوە بۆ بونیادی پێکهێنانی خێزان و رێکخستنی داهاتووی کۆمەڵگە و پاراستنی نـەژادی مرۆڤ، لەفەلسەفە و روانگەی جاک لاکانەوە باشترین هەڵهێنجانیان کردووە بۆ پاراستنی بونیادی خێزان و پەیوەندی تاکێک بەتاکێکی ترەوە. .

دیـارە جاک لاکان لەتیۆرەکانیدا مانا دەدات بەهێزی لاشعوری تاکێکی نێر بۆ نێزیکبوونەوە لە تاکەکەی بەرامبەری لەچەند روویەکەوە، جیاوازی ئەم هێزە و تایبەتمەندی ئەم خواستەی مرۆڤ لەنێوان جوتەکانیدا جیادەکاتەوە لەوەی کە ئاژەڵان هەیانە بۆیەکتریی. ئەویش بریتییە لە هێزی زمان لەو نێوەندەدا، ئەم تایبەتمەندییە کە مرۆڤ هەیەتی بەشێکی گەورەی پەیوەندییەکان نیشاندەدات. کەدەبێتە هۆی تێگەیشتن. وەک دەزانین لەنێو

ئاژەڵاندا ئەم تێگەیشتن و نیاز و مەبەستە تەنها بۆ خاڵی کردنەوەیە، جاک لاکان پێی وایە کە مەبەستی سێکس لەمرۆڤدا، زمان رۆڵی گرنگی تێدا دەبینێت بۆئەوەی تەنها بۆ خاڵی کردنەوە نەبێت و روانگەیەکی لاشعوری تێدا دەخاتە روو، کە بەهەموو مانایەک پەیوەندی سۆزداری لەتەوەرەی ئاژەڵەوە دوور دەخاتەوە. جاک لاکان بەم پێیە تیۆرەکانی بوونەتە بناغەیەک بۆ زامنکردنی کۆمەڵگەیەک لەسەربنەمای لێکتێگەیشتن، لەسەربنەمای ئامانجێکی زیندوو، واتە رۆڵی زمان وەک سێکس بۆ وابەستەبوون و نەمانی گۆشەگیریی دەخاتە پرسێکەوە، کە کۆمەڵگە وابەستەبکات بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. دیارە کە تیۆری لاشعوریی لەپەیوەندی نێوان تاکەکان، کە جاک لاکان جەختی لەبارەوە دەکاتەوە بەدەر نەبووە لە رەخنەو قسەی دەروونناسانی هاوسەردەم و سەردەمی دووای جاک لاکان.

بۆنموونە فون هارتمان فەیلەسوف و زانای بەناوبانگی ئەڵمانی، لەم بارەیەوە و لەکتێبە بەنێو بانگەکەیدا بەنێوی فەلسەفەی لاشعوور باس لەوەدەکات، کە لاشعوور ژیانی عەقڵی دامەزراو دەکات هەروەک چۆن ژیانی لاشەیی‌و جەسەدیی چەسپاو و دامـەزراو دەکات، چونکە بەبڕوای ئەو هەموو چالاکییە پاڵپێوەنەرەکانی عەقڵی، جەسەدی و شعوری مرۆڤ وابەستەیە بەهێزی لاشعورییەوە. ئەو پشت بە نوسینێکی کارل غوستاف کروس دەبەستێت، کە پێی وایە هەمو زانیاری و ماریفەیەکی ژیانی عەقڵی، هەستەوەریی و ئیرادی مرۆڤ بەتەواوی لە نێ ,چەو لەجیهانبینی لاشعوری ئەودا چەسپاوو جێگیرە. هەر ئەمەیش خواست‌و ئیرادەمان دەگۆڕێت بۆ ئیرادەیەکی لاشعوری، هەروەک چۆن نیتچە لەم بارەیەوە جەختی لەسەر ئەم تیۆرە دەکردەوە. هەرئەمەیش لەسەرئاستی دەرونی دەمانگوێزێتەوە بۆ مەیدانی میتافیزیا.

دیارە ئەمەیش لە شوێنەواری زانای نەمساوی سیگمۆند فرۆییدا ونە، بەڵام بوونی جاک لاکان لەم نێوەندەدا وابەستەییەکی لەنێوان هەردوولادا دروست کرد. جاک لاکان لەهەمووان روونتر چەمکە ئاڵۆزەکانی شیدەکردەوە، نوێتر خیتاب و گوتاری مرۆڤیشی شۆڕکردەوە بۆ نێو گەمەی لاشعور، لەوێوە دیسانەوە وەک بازنەیەکی تەواوکار لاشعوریشی هێنایەوە بۆ نێو کاروبارو هەستو ئیرادەی مرۆڤ، چونکە لەباوەڕی جاک لاکاندا دوانو زمانی مرۆڤ تێکڕای لاشعورییە و دەربڕی ئەو جیهانەیە، بەڵام ئەو زیاتر وردەکاری کردووە لەوپێناوەدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە جاک لاکان یەکێک بوو لەو قەڵەمانەی کەتوانی مێشکی مرۆڤی هاوچەرخ بخوێنێتەوە، لەچوارچێوەی زماندا کۆی گرێ دەروونییەکان کورت بکاتەوە. ئەو هەم لەسەرئاستی دەروونی لەسەردەمێکدا هاتە پێش کە کۆمەڵگەی دووای جەنگی جیهانی دووەمی ئەوروپا ئاتاجی پێی بوو، هەمیش لەسەر ئاستی سیاسیدا توانی بنچینەیەکی گونجاو لەسیاسەتی خۆرئاوادا دابڕێژێت، کە دیالۆگو نەزمی لێدوان و وتارە ئاگرینەکانی ماوەی جەنگ ئید حسابی رەوەندی دەروونییان بۆدەکرا، چیدی سیاسییەکان بە رەونەقێکی زانستیانەوە حسابیان بۆ ئەو ئەتەکێتە دەکرد، کە قوتابخانەیەکی زەنگین بەعەقڵ لە زانیارییەکانی جاک لاکاندا شیمانەی دەکرد.

ماوەتەوە بڵێین ئەو مەرجەعە رۆشنبیرییە و ئەو دونیا تەواوکارەی لەئەمڕۆدا خۆرئاوا پێی گەیشتووە، بەرهەمەکەی وابەستەیە بە هەڵکشانو بەرەو لونکەچوونی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، چونکە هیچ کات زانایانی خۆرئاوا زانستە سروشتییەکانیان لە زانستە تیۆری و مرۆڤایەتییەکان دانەبڕیوە، ئێستەیش فەلسەفە، دەرونزانی و مێژوو، هەموو ئەمانە تێکەڵن

بەو دەستاوردانەی لە فیزیا، کیمیا و زانستی پزیشکیدا هاتوونەتە گۆڕێ. خودی جاک لاکانیش یەکێک بوو لەوانەی کە درێژە پێدەری نەزمی کلاسیکی بوو، بەڵام بەرۆحێکی نوێوە، کە توانی زانستی پزیشکی کە بۆخۆی دەیخوێند بکاتە هەوێنی زانستێکی بەهادارو پێویستی وەک شیکاری دەرونی لە کۆمەڵگەکەیدا.. .

**سەرچاوە:**


http://www.cla.purdue.edu/english/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-/does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in-1974

http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-/does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in-1974

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacandevelop.html

http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-/does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in-1974

http://www.cla.purdue.edu/english/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

http://www.lacan.com/seminars1a.htm

http://www.lacan.com/seminars1a.htm

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacandevelop.html

# گەشەی سێکسی و پێکهاتەی دەروونی تاک لای جاک لاکان

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

**لەبارەی گەشەکردنی دەروونی سێکسی تاکەوە**

جاک لاکان سەلماندی هێزێکی کاریگەرە لەسەر تیۆری رەخنەگرانەی هاوچەرخ، کە کاریگەری هەیە لەسەر زۆر رێبازی دیکە لەوانە: فێمینیزم، تیۆری فیلمسازی، پاش بونیادگەرایی، مارکسیزم، هەروەها لاکان نمونەی ئەو دیاردەیەیە کە ئێمە وەک دابڕانی پۆستمۆدێرن لە سیگمۆند فرۆید لێی تێدەگەین.

لەکاتێکدا فرۆید لە شێوازی کارکردنیدا پشتی دەبەست بە رێبازی ئەزموونی– empirical و ترادسیۆنی مرۆڤانە و پێی وابوو (خودی سەقامگیر) لە توانایدایە بگاتە «راستی»، بەڵام لاکان وەک پۆست بوونیادگەرایەک تەنیا کار لەسەر (خود و راستی) ناکات، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی ئەوە دەدات کە چۆن زانیاری دروست دەبێت لە رێگای پێکهاتە زمانەوانی و ئایدۆلۆژییەکانەوە، ئەم پێکهاتەیەش نەک تەنها ئاگایمان کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو ژیانی نائاگایشمان کۆنترۆڵ دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی فرۆید شێوازی ئۆرگانیکی و بوونی ئارەزووی بەلاوە پەسەند بوو بۆ دۆزینەوەی دەماری و زانینی هۆکارە سروشتیەکانی گەشەکردنی سێکسی، بەڵام لاکان مۆدێلێکی زمانەوانی پەرەپێدا بۆ تێگەیشتن لە دەروازەی بابەتی مرۆیی بەرەو سیستەمی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە لاکان کەمتر گرنگی دەداتە سەر هۆکارە جەستەییەکان (وەک: تەرکیزی فکری، ئارەزووی جنسی، غەریزە) بۆ ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوت، بەڵکو زیاتر

گرنگی دەخاتە سەر پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکان بە تایبەتی لە ڕێگەی زمانەوە، کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانی دی تێدەگات.

لە ڕاستیدا، بە بۆچوونی لاکان چوونە ژوورەوە بەرەو زمان لە خۆیدا دەبێتە هۆی دابڕانی ریشەیی لەهەر هەستکردنێکی ماتریالیدا. لاکان پێی وایە دەبێت هەر کەسێک جیاوازی بکات لە نێوان واقیع (ئەو جیهانە خەیاڵیەی پێمان وایە جیهانی ڕاستەقینەی دەوروبەرمانە) لەگەڵ ڕاستەقینە__ حەقیقەت ( بوونی ماتریالی لەسەروو زمان و دەربڕینەوە). بەمانایەکی تر، گەشەکردنی بابەتی مرۆیی، دروست دەبێت لەڕێگای ناسینی هەڵە دەربارەی حەقیقەت، ئەویش بۆ پێویستیمان بۆ دروستکردنی هەستی واقعی لە ناو زمان و لە ڕێگەی زمانەوە.

بەشی زۆری دەوەستێنە سەر تێگەیشتنی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی خۆمان لەبارەی (واقع) و ئەوەش هەڵچوونی ماتریالی ڕاستەقینە (حەقیقەت) بۆ ناو ژیانمان بەتەواوی تێکچووە. هەربۆیە، حەقیقەت بەردێکە دژی هەموو پێکهاتە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە دەستکردەکان کە بەحەتمی فەشەل دێنن. کەواتە ئەو گرژییەی نێوان ڕاستەقینە و یاسا کۆمەڵایەتیەکان، ماناکان، ڕێکەوتنەکان، ئارەزووەکانن...هتد... کە بڕیار لەسەر ژیانی دەروونی و سێکسیمان دەدەن. تەنانەت نائاگایشمان ناتوانێت لە زمان ڕابکات، لەبەر ئەوەیە لاکان پێی وایە « نائاگایمان داڕێژراوە وەکو زمان».

کەواتە تێگەیشتنی لاکان لەسەر گەشەکردنی دەروونی، ڕێکخراوە لەدەوری توانای بابەت بۆ ناسینی هێما دیارەکان و لە کۆتایشدا بۆ زمان. جێگەی ئاماژەیە لاکان هاوشێوەی فرۆید، پێی وایە قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی تاکەکان جیاوازە لە یەکتری، تەنانەت قۆناغەکانی گەشەکردن لەناو

یەک ئاکیشدا بوونیان هەیە هەروەک لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

– لەدایک بوون هەتا 6 مانگی: بە بۆچوونی لاکان لەم قۆناغەدا گەشەکردنی ئاک ئێکەڵەیەکە لە ئێگەیشتن و هەست و پێداویستی. لەم قۆناغەدا ئاک هەست بەجیاوازبوونی خودی خۆی ناکات لەگەڵ باوانی و جیهانی دەوروبەری. هەربۆیە ئاک ئەزموونی شتەکانی دەوروبەری دەکات وەک شتی چێژبەخش و لەزەتیان لێ وەردەگرێت بەبێ بوونی هیچ بەڕاست دانان و سنووردانانێک. لەم قۆناغەدا ئاک نزیکە لە (ماتریالی پاک) کە لاکان ناوی دەنێت « راستەقینە-حەقیقەت»، هەرچەندە لەم قۆناغەشدا چەند شوێنێکی بزواندنی سێکسی بوونیان هەیە، دایک هەوڵ دەدات ئاگاداری ئاییەتی ئەو بەشانەی جەستە بێت.

– لە 6 مانگی بۆ 18 مانگی: لاکان ناوی ناوە (قۆناغی ئاوێنە)، ئاک شوناسی دەربارەی خۆی بۆ دروست دەبێت و لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بەوێنەی خۆی دەکات و خۆی دەناسێت وەک (من). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت وێنەی منداڵ لەم قۆناغەدا ئێکەڵ بەشتەکانی دەرەوەی خۆی نەبووە، زمان نەچۆتە ناوی هەربۆیە وێنەکە گشتییە و وەک بابەت کاردەکات. بەمانایەکی تر، ئەم وێنە دروست بوونە پێش هاتنە ناوەوەی زمانە، کە دوای ئەوەی زمان دەچێتە ناوەوە، خود دەبێت بزانێت چۆن ئەم وێنەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکات و گفتوگۆ بکات بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوانی دیدا. ئەم خود ناسینە زۆر گرنگە، چونکە خود ناسین وەک (من) وەک ناسینی (ئەوانی دی) وایە.

– لە 18 مانگی بۆ 4 ساڵی: لەم قۆناغەدا، کە منداڵ زمان بەدەست دەهێنێت، وورده وورده پەیوەندەی لەگەڵ حەقیقەت دەپچڕێت. لاکان ئەمە بنیات دەنێت لەسەر واتاسازی سوسێر (Ferdinand de Saussure)، کە

نیشانی دەداتْ زمان سیستەمێکە، تەنها ئەو کاتە مانا پەیدا دەکاتْ لەناو لۆجیکی ناوەکی جیاوازییەکاندا، بۆ نمونە وشەی (باوک) ئەوکاتە مانای خۆی پەیدا دەکاتْ کاتێک لەگەڵ وشەکانی دی و دژەکانی بەراووردی دەکەین (وەک: دایک، من، یاسا، کۆمەڵایەتی...هتد...). وەک Kaja Silverman، باسی دەکاتْ، دەلالەتی گرنگی باوک هیچ پەیوەندی بەراستی فیزیکی باوەک وەک تاک نییە، بەڵکو گرنگیەکەی دەردەکەوێتْ لەناو تۆڕێکی دیکەی گرنگی کە هەموویان یەکسانن لە سۆنگەی حەقیقەتەوە، لەگەڵ چوونە ناو سیستەمی زمانەوە، تاک تێکەڵی (نیزامی هێماکان) دەبێتْ و (من) تێکەڵ بە ئەوانی دی دەبێتْ ئەویش لە ڕێگای زمان و کلتورەوە.

گرێی ئۆدیب، لای لاکان هاوشێوەی فرۆید گرنگی خۆی هەیە، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە لاکان نەخشەرێژی دەکاتْ لە ڕێگای بەدەستهێنانی زمانەوە. پرۆسەکە دەجوڵێتْ لە ڕێگای (زانینی ئەوەی کە ناتوانین لەگەڵ دایکمان بخەوین، یاخود بەتەواوی ئەومان هەبێتْ) بەرەو ناسینی ئەوەی کە پێویستە ملکەچی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا ببین، پەیڕەوی لە سیستەمی جیکارانەی داخـراوی زمان بکەین، کە لە ڕێگەیەوە لە (خود) دەگەین لەپەیوندی بە (ئەوانی دی)یەوە.

لێرەدا فالۆس ( هێمای نێرینە، کە نابێتْ هەمیشە مانای پێنیس) بگەیەنێتْ، مانای بابەتی خۆی لەدەستْ دەداتْ و بەهۆی زمانەوە مانایەکی (تەواو فراوان) وەردەگرێتْ لە کاتێکدا ئەمە شتێکی مەحاڵە. فالۆس هەموو ئەو مانایانە وەردەگرێتْ کە پەیوەستن بە ئەوەی لاکان پێی دەڵێتْ (باوکی سیمبوڵی).

هاوشێوەی فالۆس (کەهیچ پەیوەندی بە پێنیس)ەوە نییە، ناوی باوک، ماناکەی زۆر زیاترە لە باوکی فعلی. بەشێوەیەکی زۆرتر ئەو پرۆسەیە

هاوشێوەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەیە کە ژیانمانی کۆنترۆڵ کردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هەندێک لە کردارەکانمانی کردووە لەڕێگەی ( یاسا، ئاین، دەرمان، پـەروەردە). کاتێک کەسێک بە گرێی ئۆدیبدا تێدەپەڕێت، شوێنی فالۆس (لەناو سیستەمی جیاکاریدا) لەلایەن هەمووانەوە گریمانە دەکرێت (لەوانە: مامۆستا، سەرکردەکان، تەنانەت دایکیش) و بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەی فالۆس هاوواتی پێنیس یاخود باوکی بایەلۆژی ناگەیەنێت.

شایەنی باسکردنە، لە سیستەمی لاکاندا، جیاوازی تویێکاری نێوان کچان و کوڕان دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان و ژنان دوو ڕێگای جیاواز بگرنە بەر. لاکان پێی وایە پیاوان دەتوانن ئیمتیازەکانی فالۆس بەدەست بهێنن لە ڕێگەی ئینکاری کردنی حەقیقەتی سێکسواڵێتی خۆیان (پێنیسی ڕاستەقینە)، لەبەر ئەم هۆیە خەساندن کار دەکات وەک چەمکی سەرەکی گەشەکردنی دەروونی و سێکسی کوڕان.

بەقبوڵکردنی ناوی باوک کە پەیوەستە بە سیمبوڵی فالۆس، نێر پێویستیە جنسیەکانی خۆی ئینکار دەکات، پاشان بۆ هەتا هەتایە لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی دی تێدەگات لەسۆنگەی پێگەی خۆی لەناو سیستەمێکی گەورەتری یاساکان، جیاوازی جێندەری، ئارەزوو. لەبەر ئەوەی ژنان، وەک پیاوان (پێنیس)یان نییە، بۆیە بەهەمان ئەزموونی خەساندندا تێناپەڕن و بەهەمان شێوەی پیاوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی نابەستن، بۆیە نزیکترن لەو شتەی لاکان پێی دەڵێت (چێژ)، چونکە پیاوان دەستیان لە ژمارەیەک غەریزەی زۆری جەستەییان هەڵگرتووە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیمبوڵی فالۆس.

**لەبارەی پێکهاتەی دەروونی تاکەوە**

بەشێوەیەکی سەرەکی، دەروون دابەش دەبێت بۆ 3پێکهاتە کە کۆنترۆڵی ژیان و ئارەزووەکانمان دەکەن و کاری سەرەکی لاکانیش لە دەوری ئەم 3 پێکهاتە دەسوڕێتەوە، ئەوانیش: راستەقینە، سیستەمی خەیاڵی، سیستەمی سیمبوڵی (ئەوی دی گەورە):

**1- پێکهاتەی راستەقینە- The Real:**

ئەم چەمکە بریتییە لە دۆخی سروشتی خۆمان، کە بەهۆی چوونە ناو زمانەوە بۆ هەتا هەتایە لەدەستمانداوە. تەنها تازە لەدایک بووان لەم دۆخەوە نزیکن، ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ شتێک نییە تەنها پێویستی نەبێت. منداڵ تەنها بەدوای تێرکردنی پێداویستیەکانیدا وێڵە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان خۆی و جیهانی دەرەوەدا ناکات. لاکان ئەم دۆخە وەک (پڕبوون یاخود کامل) دەشوبهێنێت، کە بەهۆی هاتنەژوورەوەی زمانەوە لەدەست دەچێت. منداڵ (هاوشێوەی ئاژەڵ) کاتێک پێداویستیەکی دەبێت هەوڵی تێرکردنی دەدات.

هەرچەندە دوای هاتنە ناوەوەی زمان بەدەستهێنانی دۆخی راستەقینە مەحاڵە، بەڵام لاکان پێی وایە ئەم پێکهاتەیەی منداڵی کارگەری لەسەر ژیانی هەرزەکاری هەیە، وەک بەردێک وایە کاتێک خەیاڵ و پێکهاتە زمانەوانیەکان لە کۆتایدا فەشەل دەهێنن. بۆ نمونە راستەقینە دەگەشێنەوە کاتێک دەمانەوێت مادییەتی بوونمان بزانین.

**2- پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی - The Imaginary Order:**

ئەم قۆناغە هاوتەرییە لەگەڵ (قۆناغی ئاوێنە)، کە تاک دەجوڵێت

لە بەدەستهێنانی پێداویستیەوە بۆ بەدەستهێنانی داواکاری. پێداویستیەکان لەوانەیە دابین بکرێن، بەڵام داواکاریەکان تێرناکرێن. ئەمە ئەو شتەیە لاکان وەک کەموکوڕی لە (بابەتی مرۆیی) باسی دەکاتْ.

کاتێک منداڵ هەستْ دەکــاتْ جەستەی لە جیهان و دایکی جیاکراوەتەوە، ئیتر هەستْ بە دڵتەنگی و وونبوون دەکاتْ. وێنەی منداڵ لە بارەی خۆیەوە جیاوازە لە وێنەی راستەقینەی سەرەتا. ئەم وێنەیە خەیاڵیە و منداڵ دەیەوێتْ تەعویزی ئەو لەدەستدانە بکاتەوە، کە هەی بووە لەرێگای (منی باڵا)وە، بە چاولێکردن لە کەسانی دی (بۆ نمونە کەسی نمونەیی ناو کۆمەڵگا).

**3- پێکهاتەی سیستەمی سیمبوڵی (یان ئەوی دی گەورە) - The Symbolic Order(the «big Other»):**

لە کاتێکدا قۆناغی خەیاڵی دەربارەی هاوکێشەکان و شوناسەکانە، قۆناغی سیستەمی سیمبولی دەربارەی زمان و گێڕانەوەیە. کاتێک منداڵ دەچێتە ناو زمان و یاساو فەرمانەکانی کۆمەڵگا جێ بەجێ دەکاتْ، لە توانایدا هەیە مامەڵە لەگەڵ (ئەوانی دی)دا بکاتْ. بە بۆچوونی لاکان قبوڵکردنی یاساکانی زمان هاوبەستە لەگەڵ گرێی ئۆدیب.

سیستەمی سیمبولی مومکینە بەهۆی قبوڵکردنی ئەو یاسا و سنوورانەی کۆنترۆڵی هەڵسوکەتْ و پەیوەندییەکانمان دەکەن. بەهۆی قبوڵکردنی (ناوی باوک- مەبەستْ لێی سیمبولی کۆمەڵگا) دەتوانین بچینە ناو کۆمەڵگای ئەوانی ترەوە. سیستەمی سیمبولی لە رێگەی زمانەوە بریتیە لە پەیمانێک کە هەموو بابەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە یەک کرداردا. بە تێگەیشتنی فرۆید، کردارەکانی مرۆڤ لە بناغەوە لەسەر دنیای هێماکان بنیاتنراون، ئەوانیش بریتین لە یاسا و گرێ بەستەکان.

به بۆچوونی لاکـان، پێکهاتەی راستەقینە هەوڵی دابینکردنی پێداویستیەکان دەداتۍ، هەروەها پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی هەوڵی تێرکردنی داواکارییەکان دەداتۍ، پێکهاتەی سیمبولیش هەوڵی بەدەستهێنانی ئارەزووەکان دەداتۍ لە رێگای زمانەوە. لەوکاتەوەی تێکەڵ بەزمان دەبین، ئیتر بۆ هەتا هەتایە وابەستەین بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگادا.

**سەرچاوە:**

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

# گەشتێک بە ناو ئەندێشەکانی جاک لاکاندا

**زمان، ڕاستی و نادەرهەست**

**وتووێژ لەگەڵ دکتۆر محمەد زیمەران**

**(محمد رچا رشاد)**

**وەرگێڕانی؛ وریا غەفووری**

**پێشەکی**

جاک لاکان، فەیلەسوف و دەروونشیکاری فەرەنسی، بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی بیروڕاکانی دامەزرێنەری دەروونشیکاری، واتا سیگمۆند فرۆید لە پەیوەندی بە لە قاڵبدانی زەین و شوناسی مرۆڤ لە قۆناغی منداڵییەوە، هاتە پانتایی هزری رۆژئاواوە. بە پێچەوانەی لایەنگرانی راستگەرای فرۆید (ئەرتەدۆکس) هێما یان نیشانەیەک وەک لادانێکی رووتی غەریزەی جنسی دانانێت، بەڵکو پانتایی دال و مەدلوول بە پانتاییەکی لخێز و سست دەزانێت. لاکان کە باسی قۆناغەکانی گەشەکردن و پێگەیشتنی کەسایەتیی دەروونی و ئەندێشەیی منداڵ دەکات، بەسێ قۆناغی ئاوێنەیی، هێماییین و راستەقینە دەگات و ئەم سییانە دەخاتە پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ یەکدی. لاکان بۆ یەکەمجار باسی پەیوەندی نێوان نادەرهەست و زمان دەکات، هەبوونی خوازە و مەجازی مورسەل لە بونیاتی زمان بە قۆناغەکانی پاڵەپەستۆ، شوێنگۆڕکێی میکانیزمی زمانی نادەرهەست یان هەمان خەون بە وەکیەک دەزانێت.

دواهاتەکانی ئەندێشەی لاکان بۆ فەلسەفە و دەروونشیکاری و بە تایبەت بۆ رەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسی سیاسی بە باشی ئاشکرایە. لەم رووەوە بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی روانگەکانی لاکان بۆ لێکۆڵینەوەکانی زانستە مرۆییەکان، گفتوگۆیەکمان لەگەڵ دکتۆر محەمەد زەیمەران، مامۆستای

فەلسەفە و جوانناسیی زانکۆ، سەبارەت بە ئەندێشە بنەڕەتییەکانی لاکان، ئەنجامداوە. دکتۆر زەیمەران- دکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆکانی ئەمەریکا وەرگرتووە- ئێستاش کتێبی «دەربارەی روانگەکانی میشێل فۆکۆ» لە لایەن ناوەندی چاپوبڵاو کردنەوەی «هرمس» لەژێر چاپدایە.

-لێکۆڵەران جاک لاکان وەک راڤەکار و شیکەرەوەی روانگەکانی دەروونشیکاری فرۆید لە قەڵەم دەدەن، لە راستیدا هەوڵەکانی وەک سەرلەنوێ نوسینەوەی فرۆیدگەرایی هەژمار دەکەن، پێمان بڵێن لەکام لایەنەوە پێگەی لە فەلسەفە و دەروونشیکاریدا شایانی نرخاندنە؟

-جاک لاکان، فەیلەسوف و دەروونشیکاری بە ناوبانگی فەرەنسی، یەک لە سیما بەرچاوەکانی قوتابخانەی بونیانگەراییە. دەڵێن یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزاڤی پۆست مۆدێرنەیە. لاکان بە چاپوبڵاوکردنەوەی کتێبی «نووسراوەکان « IEctris لە ١٩٦٦ ناوبانگی دەرکرد. دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەکانی گفتوگۆیەکی سیستماتیکە لەگەڵ روانگەکانی فرۆید. لاکان دیالکتیکی هیگڵ، زمانناسی، بونیانگەرا، سووریالیزم و ئەنترۆپۆلۆژیای لوویی شتراوس بۆ شیکردنەوەی روانگەکانی فرۆید بەکاردێنێت. هەروەک چۆن لووی شتراوس کەڵک لە زمانناسی دی سوسوور وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی خزمایەتی و ئوستوورە سەرەتاییەکان، لاکانیش بۆ فامکردنی دەروونی مرۆڤ لەم میتۆدە کەڵک وەردەگرێت. لاکان بیرۆکەی زەینییەتی فەلسەفی لەچوارچێوەی جنسییەتی فرۆیدیدا دەخاتە بەرباس، دەروونی نادەرهەست بەهۆی بەکارهێنانی زمانناسیی راڤە دەکات. بۆ یەکەمجار گرنگی زمان لە بەرهەمەکانی فرۆیدا گەلاڵە دەکات.

-لاکان بۆ شیکردنەوەی گەشەی کەسایەتی منداڵ لە قۆناغی «ئۆدیب»دا باس لە قۆناغێک دەکات بە ناوی قۆناغی ئاوێنەیی (mirror

stage)، بە رای ئێوە مەبەستی لاکان لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە پەیوەند بە لەقاڵبدانی کەسایەتی دەروونی منداڵ و شوناسەکەی چییە؟ کاریگەرییەکانی بەرهەم هاتوو لەم قۆناغە چۆناوچۆن دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغەکانی دواتر؟

-لاکان ١٩٣٦ بیرۆکەی «قۆناغی ئاوێنەیی کەسایەتی» گەڵاڵە دەکات. لە راستیدا قۆناغی ئاوێنەیی رەوتی راهێنانی تواناییەکانی زەینی منداڵ لە شەش بۆ نۆزدە مانگ دیاریی دەکات. لە روانگەی لاکانەوە منداڵ بەر لەوەی قسە بکات، لە ئاوێنەی زەینی خۆیدا سەرجەم هەستیی لەگەڵ بوونی خۆی بە یەک دەزانێت. لە راستیدا وێنەی ئاوێنەیی کە منداڵ لە بوونی خۆی دەیبینێت لەسەر بنەمای توخمی خەیاڵ (imaginery) جێگیرە. دەڵێت: کەسایەتیی منداڵ لە رەوتی گەشەکردنیدا دەگاتە قۆناغی ئاوێنەیی و بە یارمەتی خەیاڵ، خۆی و دنیای دەوروپشتی بەشێوەیەکی شکاو وێنا دەکات. قۆناغی ئاوێنەیی ئالیکاریی لەقاڵبدراوی زەینییەتی (سۆبجێکت)ی تاک دەکات. لە راستیدا لاکان دەڵێت کە منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردندا ناتوانێت قایل بە جیاوازیی نێوان زەینی خۆی و دونیای دەرەوە بێت. لاکان ئەم دۆخە ناو دەنێت «قۆناغی خەیاڵی»، دەڵێت لەم دۆخەدا منداڵ تەواوی هەست و دونیای دەرەوە لەگەڵ بوونی خۆی بە یەک دەزانێت. بۆ نموونە منداڵ، جەستەی دایکی و بوونی خۆی بە یەک دەگرێت. منداڵێک لەم تەمەنەدا لە بەرچاو بگرن کە لە بەرانبەر ئاوێنەیەک دانیشتووە و هەموو شتێکی جیهان بە پێی تێگەیشتنی خۆی دەبینێت، بەڵام هێدی هێدی لەگەڵ گەشەکردنی زەین، منداڵ بە ئارامی تێدەگات کە لە نێوان بوونی خۆی و دایکیدا هەندێک جیاوازی هەیە و بوونی دایکی لەو جیاوازە، بەڵام ئەم رووداوە کاتێک دەگاتە قۆناغێکی قەیراناوی، کە کەسی سێهەم بە ناوی باوک دێتە نێو

ئەم پەیوەندییەی نێوان منداڵ و دایکەوە. منداڵ لەم قۆناغەدا درک دەکات کە ئۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییەکان لە ئارادایە، کە خۆیشی بەشێکە لەمە، باوک، دایک و منداڵ سێ گۆشەی ئەم ئۆڕە پێکدێنن. دەرکەوتنی باوک منداڵ وا لێدەکات کە تێبگات جیاوازیی بوونی لەگەڵ دایکی هەیە، هەر بۆیە مەیلی منداڵ بەرەو دایک لە بونیاتی نادەرهەستدا سەرکوت دەکات. لەم قۆناغەدا تێدەگات کە مەیلی ئەو بەرەو دایکی پەسەندکراو نییە. لەم رووەوە ئەم مەیلە دەکەوێتە پاننایی تابۆ و حورمەتەوە. باوک هێمانوێنی ئەم تابۆیە. کاتێک منداڵ لەگەڵ باوکی رووبەروو دەبێتەوە بە جیاوازیی جنسیی خۆی و دایکی دەزانێت. لەم قۆناغەدایە کە منداڵ بۆ یەکەمجار دەچێتە نێو کۆمەڵگاوە. لاکان ئەم منداڵە کەم تەمەنەی لە ئاوێنەدا لە خۆی دەڕوانێت، ناو دەنێت «دال» و ناوی «مەدلوول» لەو وێنەیە دەنێت کە لە ئاوێنەدا دەیبینێت. لێرەدا دال و مەدلوول دەگەنە بەیەک بوون، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی منداڵ ئەم دال و مەدلوولە لە سایەی گەشەکردنی شوناسی منداڵدا لێک جیا دەبنەوە. لە راستیدا ئەم جیاوازیی نێوان دال و مەدلوولە خۆی جێگیرکەر و پتەوکەری شوناسی منداڵە. فامی جیاوازییە جنسییەکانی منداڵ تا ئاستێک لەگەڵ گەشە کردنی زمانەکەیدا هاوکاتە. کاتێک منداڵ پێویستی بە شتێکە هاوار دەکات، کە ئەمە خۆی جۆرێک پەیامە برێتیە لەوەی، کە بۆ نموونە برسییەتی یان سکی ئازاری هەیە. لێرەدا منداڵ تێدەگات کە هێماکانی زمان وێڕای فامکردنی جیاوازییەکانیان بۆ کەڵک وەرگرتن دەشێن.

-ئاماژەتان کرد کە منداڵ کاتی تێپەڕبوون لە قۆناغی ئاوێنەیی و ئەو کاتەی کە قایل بە جیاوازیی نێوان دال و مەدلوول دەبێت، دەگاتە شوناس و ئەم تێگەیشتنی جیاوازییانە هاوکاتە لەگەڵ گەشەی زماندا. لاکان ئەم قۆناغە

ناو دەنێت سامانی هێمایین(symbolic order)، بە راشکاوی پێمان بڵێن مەبەستی لەم چەمکە چییە؟

–کاتێک کە منداڵ گەیشتە فامکردنی شوناسی خۆی و ئارام ئارام گرنگیی هێماکانی زمانی ناسی، هێدی هێدی تێدەگات، کە لەگەڵ کەسانی دی جیاوازیی شوناسیی هەیە، لەم حاڵەتەدایە کە لە پانتایی خەیاڵ دێتە دەر و هێدی هێدی دەچێتە نێو سیستەمێکی دیکە  بە ناوی «سیستەمی هێمایین». لە دونیای هێماییندا جیاوازی و دژوازییەکانی زیاتر ئاشکرا دەبێت، واتا؛ لە نێوان ژن و پیاو، باوک و کوڕ، دایک و کوڕ، دایک و کچ و شتی لە م چەشنە، جیاوازیی دەردەکەوێت. لە راستیدا منداڵ لەم قۆناغەدایە، کە لە بەخاوەن بوونی خەیاڵی جەستەی دایکەوە بەر دەبێتەوە بۆ جیهانی سارد و بێ دەرەتانی زمانەکان. بە دەربڕینێکی تر؛ لە قۆناغی دڵخۆشکەری ئاوێنەییەوە دەکێشرێتە دونیای ترسناکی زمان. لەم قۆناغەدایە کە ناچار لە دالێکەوە بەرەو دالێکی دی رێگە دەبڕێت. لە راستیدا زمان بەرەنگاری گشتێنیی پانتایی خەیاڵ دەبێتەوە و پارچە پارچەی دەکات. دیارە نە پانتایی خەیاڵ و نە پانتایی هێمایین هیچیان توانای درکی راستی (واقیع) یان نییە. لە راستیدا دەبێ لەو پەڕی ئەم دوو پانتاییەوە لە راستی بگەڕێین. راستی بەردەوام لە شوێنی خۆیدایە، واتا ئەوەی لە شوێنی خۆیدا نییە و بە گشتی غایبە، لەوانەیە بابەتی هێمایین یان خەیاڵی بێت. بابەتی هێمایین شتێکە کە لە شوێنی خۆیدا نییە. لاکان بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەی ئاماژە بە چیرۆکێکی «ئێدگار ئالێن پۆ» بە ناوی «نامەی دزراو» دەدات. کەوانە دەبێ بڵێم گەیشتنی منداڵ بە دەروازەی زمانگرتن هاوکاتە لەگەڵ جیا بوونەوەی لە دایکی. واتا منداڵ لە دایکی جیا دەبێتەوە. دایک دەبێتە ئۆبژەیەکی شایانی ئەزموون بۆ منداڵ بەڵام لە روانگەی دایکەوە منداڵ خۆی

دەبێتە جێگرەوەی کەرەستەی نێرینەیی باوک. بە گشتی بابەتی هێمایین لە بەرینترین مانایدا شتێکە، کە جیهان واتادار و یاسامەند دەکات.

کەواتە لە روانگەی لاکانەوە راستەقینە نە لە پانتایی خەیاڵدا بەو شێوەی، کە منداڵ بۆ یەکەمجار لە قۆناغی ئاوێنەییدا وێنای دەکات، نە بە تەواوەتی لە پانتایی سیستەمی هێماییندا کە بریتییە لە زمان، نادۆزرێتەوە. ئەی ئەگەر وایە لە روانگەی لاکانەوە دەبێ لە کوێدا بۆ راستەقینە یان «بابەتی واقیع» بگەڕێین و بیدۆزینەوە؟ بفەرموون ئایا ئەم گەڕانە دەرەنجامێکی هەیە؟

–لە سیستەمی لاکاندا بابەتی واقیع قۆناغێکی پێگەیشتووە، کە مرۆڤ لە سایەی ئەودا دەتوانێت دیاردە عەینییەکان بەو جۆرەی لە جیهانی دەرەوەدا خۆ دەنوێنن، بخاتە بەر هەڵسەنگاندن، بەڵام پێش زەمینەی ئەم رەفتارە بە نیسبەت راستەقینەوە، پێویستی بە دەرباز بوونە لە قۆناغی خەیاڵەوە بۆ قۆناغی هێمایین و دواتریش وەرگرتن و درک پێکردنی راستەقینەیە. ئەم بیرۆکەیە دەکرێ لەگەڵ روانگەی ژان پیاژە دەربارەی رەوتی گەشەکردنی ئەندێشە و کەسایەتیی منداڵ، بەراورد بکرێت. بە رای لاکان گەشەی زەینی لە قۆناغی خەیاڵەوە دەست پێدەکات و لە کۆتاییدا دەگاتە پانتایی راستەقینە. ئەوەی لە نێوان راستەقینە و خەیاڵدا پەیوەندیی درووست دەکات، پانتایی هێماییینە، چونکە ئەم سییانە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە. لە سەر ئەم بنەمایە باسکردن لەم سێ پانتاییە بە شێوەی دابڕاو لە یەکدی، پاساوهەڵگر نییە.

–چۆن دەتوانین روانگە ئەدەبییەکان، رەخنەی هونەریی ژاک لاکان لە سەر بنەمای ئەو روانگانەی فرۆید، کە ئەم پێداچوونەوەی بۆ کردووە، هەڵبسەنگێنین. ئێوە ئەو کارەی ئەو کە بە تایبەت لە کتێبی

نووسراوەکاندا بە شوێن شیکردنەوەی فرۆید لە ژێر تیشکی بونیاتگەرایی و دوابونیادگەراییەوەیە، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

-لاکان بە پشت بەستن بە قوتابخانەی دەروونشیکاریی فرۆید، هەروەها زمانناسیی بونیاتگەرا دەست دەداتە هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن بۆ دەقە ئەدەبییەکان. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە هەڵسەنگاندن و رەخنەی لاکان بۆ نامەی دزراوی ئێدگار ئالێن پۆ، لە ژێر کاریگەریی چەمکەکانی فرۆیددا رووی داوە. ئەو لەم چیرۆکە کورتەدا دەیهەوێ دەلالەت لە کارەکان دیاریی بکات. لە چیرۆکەکەی پۆدا نامەیەکی بێ رێزی بۆ شاژن نووسراوە، کە ئەم نامەیە لە لایەن وەزیرێکی ساختەکارەوە دەدزرێت. نامەکە لە حوزووری پاشا و شاژندا دەدزرێت. شاژن سەرجەم بەسەرهاتەکە دەبینێت، بەڵام پاشا ئاگای لە دزینی نامەکە نابێت. شاژن ئەم دزییە ئاشکرا ناکات، چونکە ئەگەر ئاشکرای بکات گومان لە خۆشی دەکرێت. وەزیر نامەکە لەگەڵ نامەیەکی هاوشێوە دەگۆڕێت. شانۆی دووهەمی ئەم چیرۆکە لە ئۆفیسی وەزیردا بەردەوام دەبێت. لەم بەشەدا وەزیر دەتوانێت سەرۆکی پۆلیس کە لێپرسراوی دۆزینەوەی نامەکەیە فریو بدات، بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە نامەکە دووبارە لە لایەن پۆلیسێکی لێهاتووەوە بە ناوی «دوپان» دەدزرێت. لە راستیدا لەم چیرۆکەدا نامە دزراوەکە وەک دال دێتە ئەژمار و هەرچەندە دەستاودەست بگەڕێت ئەوەی کە لخێز و ناجێگیرە داڵە. ئاشکرایە کە لەم چوارچێوەدا پەردە لە سەر ناوەڕۆکی نامەکە لانادرێت. لەم بەرهەمەدا دەوری سەرەکی لە ئەستۆی نامەکەیە. تەواوی روخسارەکان لە راستیدا هەڵگری هەمان دەلالەتن. ئەم چیرۆکە بە ئیعتباری رووکرد، فرۆیدییە واتا؛ پاتتایی هێمایین، کە لە دەروونی خۆیدا بکەری بیرلێکراوەشی شاردۆتەوە. کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە لە راستیدا ئەکتەر گەلێکن نادەرهەست، کە

ئاگایان لە رازی دال نییە. روانگەی لاکان بۆ ئەم بەرهەمە بە تەواوی فرۆیدییە. ئەو روخسارەکانی ئەم چیرۆکە وەک ئەو نەخۆشانە دەبینێت، کە دەبێ لە رووی دەروونشیکارییەوە دەرمان و چارەسەر بکرێن.

-لاکان لە بابەتی زماندا باسی مانای استعلایی و دالی استعلایی دەکات، مەبەستی لەمە چییە و گرێدراوی ئەمەش مەبەستی لە بەکارهێنانی چەمکی «وەهمی پێش فرۆیدی» چییە؟

-بە شێوەیەکی گشتی لاکان زمان بە سیستەمێکی ئەویدیی بوونەکان لە قەڵەم دەدات. ئەو جەخت لە گرنگیی زمان لە بەرهەمەکانی فرۆیددا دەکاتەوە. لاکان لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی ١٩٥٣ لە رۆما دەڵێت: «مرۆڤ قسە دەکات لەو رووەوە کە هێما ئەوی کردۆتە مرۆڤ» ئەو لە ژێر کاریگەریی دی سووسوردا دەڵێت: «سووژە بەردەام سووژەی دالە، چونکە دال هەمیشە لە مەدلوول جودایە واتا؛ هیچ دالێک نییە، کە بۆ هەمیشە خاوەن مەدلوولێک بێت و لە پەیوەندی لەگەڵیدا بمێنێتەوە. دەبێ بڵێین کە لە سیستەمی فەلسەفیی کانتدا ترانسێندانس یان هەڵکشان و ئیستیعلا گرێدراوی سووژەیە، بەڵام لە رووکردی بونیاتگەرای لاکاندا ئەم وەسفە دەگەڕێنرێتەوە بۆ دال. لاکان رایگەیاند کە لەگەڵ کەشفی نوێی سووسور سەبارەت بە سیستەمی دەلالەتەکان، ئیدی قۆناغی هەڵکشانی سووژە و زەین کۆتایی هاتووە و دەبێ ئەم سیفەتە بۆ دال لە بەر چاو بگیرێت. لە سەر ئەم بنەمایە هەر چەشنە مەیلێک بۆ گریمانە مانای تەواوی لە دانراو و دەقەکاندا دەبێ وەک فریوی گرێدراوی قۆناغی بەر لە فرۆید، چونکە سەلمێنراوە کە خۆ وشیاری، خۆی دوورگەیەکی بچووکە لە زەریای بێ کۆتایی نادەرهەستدا. ئەمە بەو واتایە کە سەردەمی سووژەی هەڵکشاو بە سەر چووە، ئەمڕۆ دەبێ باسی دالی هەڵکشاو بکرێت.

-بۆ یەکەمجار لاکان باسی پەیوەندیی زمان و نادەرهەستی کرد، بەم پێیەش کەڵکی زۆری لە روانگەکانی فرۆید لە بواری تەعبیری خەون و نەخۆشینەکانی دەروون وەرگرت. لە سیستەمی لاکانیدا لە نێوان پێکهاتەی نادەرهەست و پێکهاتەی زمانیدا چ پەیوەندییەک هەیە؟

-هەروەک ئاماژەتان پێدا لاکان یەکەمجار زمان و نادەرهەست پێکەوە گرێ دەدات. ئەو دەڵێت پێکهاتەی دەروونی نادەرهەست لەگەڵ پێکهاتەی زمان شایانی بەراورد کردنە. لاکان بە کاریگەری وەرگرتن لە رۆمەن یاکوبسێن چەمکی پاڵەپەستۆ (condensation) و شوێنگۆڕکێ (displacement)ی فرۆید لەگەڵ خوازە یان میتافۆڕ و مەجازی مۆڕسەل metonymy بەراورد دەکات: دەڵێت خوازە بریتییە لە شوێن گۆڕینی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دی، لە حاڵێکدا کە لە مەجازی موڕسەلدا وشەیەک بە وشەیەکی دیکەوە گرێ دەدرێت. ئەم بیرۆکەیەی یاکوبسێن ئەو دەرفەتە دەداتە لاکان، تاوەکو حوزور و ئامادەیی نادەرهەست لەگەڵ خوازە و مەجاز لە زماندا بەراورد بکات. فرۆید لە کتێبی تەعبیری خەوندا دەروونی نادەرهەست لە خەوندا گرێ دەدات بە «سەریەکخستن و شوێنگۆڕکێ»وە. لاکانیش بە هۆی تۆخمی هێماییینی نادەرهەستەوە ئەمە لە پانتایی مەجاز و خوازەدا دەخاتە بەر باس. لە راستیدا نادەرهەست واتاکان لە وێنای تەمسیلیدا دەشارێتەوە، کە دەبێ بە خوێندنەوە، کۆدیان بدۆزرێتەوە. لاکان دەڵێت: ئەو لادانانەی کە نادەرهەست لە چوارچێوەی خەوندا پێکی دێنێت، خۆی پەیڕەوی لە سیستەمی دالەکان دەکات. لاکان دەڵێت دەکرێ دەروونشیکاری بە ئارایە و جوانکاریی زمانی بچوێنرێت، لەم حاڵەتەدا دەبێ دالەکان شی بکرێنەوە.

-لاکان لە شوێنێکدا دەڵێت؛ بە رای من دەبێ ئەو رستە بەناوبانگەی دیکارت کە دەڵێت: «من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم» بەم شێوەیە

بنووسرێتەوە: «من نیم لەو شوێنەی کە بیر دەکەمەوە و بیر دەکەمەوە لەو شوێنەی کە نیم». ئەو لێرەوە بە جیاوازیی نێوان «بکەری دەربڕ» و «بابەتی دەربڕین» قایل دەبێت. بە رای جەنابتان ئەم جیاوازییە دەربڕی چ رووکردێکی فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییە؟

-لاکان لە باسی بکەری مندا ئاماژە بە دوو تەوەر دەدات: یەک «بابەتی دەربڕین» Subject of enunciationو ئەویدی «بکەری دەربڕ» subject of enunciating لە راستیدا ئاوەڵناوی یەکەمکەس «من» تەنیا لە سایەی زماندا لە پێگەی «مبتدا» و یان بکەردا جێ دەگرێت. کاتێک من قسە دەکەم، خۆم بە «من» و بیسەر بە «تۆ» بانگ دەکەم. کاتێک کە «تۆ» وەڵام دەدەیتەوە من دەبێت بە تۆ. واتا ئەو بوونەی کە «من» بە کار دێنێت لەگەڵ خودی «من»دا یەکێک نییە. ئەو منەی لە رستەی «من بەیانی دەچم بۆ دیتنی باوکم» بەکار دەهێنرێت لە دوو ئاستدا شایانی شیکردنەوەیە، یەکیان وەک بکەری وتار یان بکەری دەربڕین، ئەوەی دیکەش بکەری قسە کردن. یەکیان منی بکەرە و ئەوی دی منی رێزمانی. دەکرێ ئەم پۆلێن بەندییەی لاکان لە باسی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا بەکار بهێنرێت. هەندێ جار ئێمە دانراوەکانی چیرۆکێک لە پەیوەندیی لەگەڵ نووسەرەکەیدا دەدەینە بەر سەرنج، بەدواداچوونی بکەری ئەو لە باسەکەماندا دەکەین و هەندێ جاریش سەرنج دەدەینە سەر ئەوەی، کە دەوترێت یان خودی وتارەکە. ئەم دوو روانگەیە دواهاتی جیاواز بە شوێن خۆیدا دێنێت کە جێی سەرنجە.

-پێشتر لە چەندین شوێندا ئاماژەتان بە کاریگەرییەکانی فرۆید لە سەر لاکان داوە، هەروەها هەندێک لە شیکردنەوە هونەرییەکان و روانگە ئەدەبییەکان. دەخوازم بزانم پێگەی لاکان لە دەروونشیکاری و زیاتریش لە روانگەکانی سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبی چییە؟

-بێ گومان خوێندنەوەی بونیادگەرایانەی لاکان روونوێنێکە بۆ سەر لە نوێ خوێندنەوەی خولقێنەرانی روانگەکانی فرۆید. لە حاڵێکدا کە فرۆیدگەرا کلاسیکەکان بە گشتی بە پێی لادانە دەروونییەکان باسی زمانی خەون و هێماکان دەکەن، لاکان نادەرهەستی واتاکان بە مانایەکی ژێروانکێی مەیلەکان دەزانێت، کە دەبێ بە شێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵیان هەڵس و کەوت بکرێت. لە روانگەی لاکانەوە خوازە و مەجازی مۆرسەل بە هیچ شێوەیەک راستییەکی پێش هێماییین نین، بەڵکوو دەبێ راستەقینەی نادەرهەست بە شێوەیەک لە جوانکاریی تازەگەرایانە بێتە ئەژمار، واتا؛ دەبێ نادەرهەست وەک سیستەمێک یان کۆمەڵێک دالی گرێدراو لە بەر چاو بگیرێت، کە خاوەنی گەڕانەوەی جێگیر و بێ شەرت و مەرجە یان خاوەنی مەدلوولی دیاریکراو و رەها نییە. نوسینەکانی لاکان خۆی روونوێنی هەمان لخێز بوونی دەلالەتەکانە، چونکە ئێمە دانراوێکی بنەبڕ و رەها لەواندا نابینین. دەقەکانی لاکان پێمان دەڵێن، کە لە شوناسی خولقێنەر و «بلاغی» ی زمان خافڵ نەبین. بەم پێیەش ناکرێت ئەندێشەکانی لاکان لە چوارچێوەیەکی رێک و پێک و لە خشت دراودا پۆلێن بکرێت. لەم رووەوە ئەو زۆر هۆگری ئەنز و قسەی خۆشە. دەکرێ فرت و فێڵەکانی لاکان بۆ رەخنە و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەکار بهێنرێت.

ئاشکرایە کە لە روانگەی لاکانەوە لە نێوان دەروونشیکاریی فرۆیدی و رەخنەی ئەدەبیدا پەیوەندیی حاشاهەڵنەگر لە ئارادایە. ئەو لە ژێر کاریگەریی فرۆیددا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هاندەری سەرەکیی سەرجەم رەفتارەکانی مرۆڤ، هەڵهاتن لە ئازار و بە دەست خستنی چێژە. هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی خەڵک هۆگری شیعر، شانۆ و رۆمانن رەهەندە چێژبەخشەکەیەتی. لە راستیدا دەروونشیکاری زانستی شیکردنەوەی هێزە دەروونییەکانە و لەم

رووەوە بە شوێن ئەوەوەیە، کە هۆکارەکانی ناکامی و ئازارەکانی مرۆڤ بدۆزێنەوە. لێرەدا دەبێ بڵێین؛ خودی دەروونشیکاری ئامێرێکە دەپەرژێنە سەر بابەتەکانی گرێدراوی بەهای ئەدەبی لە پەیوەندیی لەگەڵ چێژدا. ئەم چێژە لە راستیدا خۆی گرەنتیی هەڵهاتن لە دواکەوتنە دەروونییەکانە. بەم حاڵەشەوە دەبێ بڵێین بە وتەی لاکان کاتێک چیرۆکێک دەخوێنینەوە دەبێ سەرنج بدەین، کە رستەکان مەبەستیان هەمان ئەو شتانە نییە کە دەریدەبڕن. ئەو ئەم دیاردە لەگەڵ گرێی ئۆدیپ بەراورد دەکات و دەڵێت، هەروەک چۆن کە پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕ لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم گرووپەدا نادیار و ناڕوونە- چونکە باوک بە شێوەیەکی نادەرهەست لە منداڵە کوڕەکەی خۆی بێزارە- بە هەمان شێوەش لە بەرهەمی ئەدەبیدا فامکردنی سەرجەم مەتەڵە ئاڵۆزەکانی نێو پەیوەندیی کەسایەتییەکان بە ئاسانی مومکین نییە، بەڵکو دەبێ لە دەلالەتە زمانی و نادەرهەستەکاندا لە واتاکانیان بگەڕێیت.

-ئەوەنەی من بزانم کاریگەرییەکانی لاکان لە سەر دوو پانتایی رەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکان و روانگە کۆمەڵناسانەکان خاوەن گرنگییەکی تایبەتین؛ لە پانتایی روانگە ئەدەبییەکاندا ژولیا کریستۆڤا وێڕای خولقاندنی بیرۆکەی «رەهەندی نیشانەیی» لە باتیی «سیستەمی هێماین» و لە پانتایی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا «لوویی ئاڵتۆسێر» بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی چەمکی ئایدۆلۆژیا لە سەر بنەمای چەمکی لاکانیی «خەیاڵی بوون». راتان سەبارەت بەمە چییە؟

-ژولیا کریستۆڤا فەیلەسووفی بەناوبانگی بۆلغاری و یەکێک لەو کەسانەیە کە بیرۆکە ئەدەبی و فیمینیستییەکانی خۆی لە ژێر کاریگەریی لاکاندا دامەزراندووە. ئەو بەتایبەت هۆگریی خۆی بۆ بابەتی دەروونی

نادەرهەستی باسەکانی لاکان نیشان داوە و گەشتۆتە رووکردی «سووژەی گەشەکەر و بزۆز». ئەو سووژە لە ژێر تیشکی زماندا شی دەکاتەوە. هەر ئەم هۆگرییە بەرەو گەڵاڵە کردنی بیرۆکەی نیشانەناسیی دەبات. ژولیا لە نێوان نیشانەناسی بە مانای تایبەت (semiotic) و نیشانە ناسیی لە مانا باوەکەیدا بڕوای بە جیاکاری و جیاکردنەوە هەیە، دەڵێت: کە دەبێ لە نێوان پانتایی نیشانەناسیی دەلالەت و پانتایی هێماییین (symbolic)دا جیاوازیی بکرێت. لە راستیدا پانتایی هێماییین دەلالەتە بۆ کارکردی «پیاوانە»ی یاسا. ئێمە دەتوانین ئەم یاسایە لە رێساکانی نەحو، رێزمان و سیستەمی کۆمەڵایەتیی نیشانەکاندا بە باشی ببینین، بەڵام لە پانتایی نیشانەناسیدا مەیلی بەرەو کارکردەکانی ژنانەی دەلالەتە. لێرەدا ئەندامی دایکانە لە نێوان سووژەی لخێز و بونیاتی خێزان و کۆمەڵگادا نێوبژیوانی دەکات و جێبەجێ کاریزەرفێکە کە بە زمانی یونانی پێی دەڵێن خۆرا (chora). وشەی خۆرا بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەفلاتوونەوە لە نامیلکەی تیمائۆس بە واتای زەرف و وعاو بەکار دەهێنرێت. لە راستیدا پانتایی نیشانەناسی حاڵەتە سۆزداری و کاریگەری هەڵگرەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. واتا هەمان ئەو تۆخمانەی کە بە وتەی فرۆید گووشراوەتە یەک یان شوێن گۆڕکێی پێ کراوە. بە دەربڕینێکی دی؛ هەمان ئەو تۆخمانەی کە لاکان لەگەڵ خوازە و مەجازی مۆرسەڵ بەراوردی کردن. ئەم پانتاییە روونوێن و هێمای دەسەڵاتی باوکسالارانەی کۆمەڵگایە، چونکە لە دەور و پشتی ئامێری نێرینەدا دەخولێتەوە. لەم رووەوەیە کە گرێدراوی چوارچێوەی یاسا واتا؛ سیستەمی باوک سالارانە. دەبێ لە بیر نەکرێت، کە کریستۆڤا لە باسکردنی «سووژەی پڕ جم و جوڵ»دا باسی نیشانە گەڵاڵە دەکات و پەیوەستی دەکات بە زەرف یان خوازەوە. لە راستیدا وعاو یان ڤرف وشەیەکی فەلسەفییە، کە نە خاوەن شێوەیە و نە دەبینرێت، بەڵکو بە

شێوەیەک جیهانی بیر لێکراوە لە خۆیدا جێ دەکاتەوە. کریستۆڤا دەڵێت: دایک وەک زەرف یان هەمان خۆرای وەسف هەڵنەگرە، کە رەهەندی شاعیرانەی زمان بەرجەستە دەکات. لە راستیدا سووژە لەم چوارچێوەیەدا گەشە دەکات و پێدەگات. کریستۆڤا بزۆزیی زەینییەت لە فەزای ئاشکرای هونەریدا نیشان دەدات، دەڵێت: کە شوناسی مرۆیی لەم پێگەیشتنی نیشانەناسییەدا بیچم وەردەگرێت و رەوتی خولقێنەریی خۆی دەپێوێت، بەڵام سەبارەت بە کاریگەریی لاکان لە سەر ئالتۆسێر دەبێ بڵێین، کە ئەو لە کتێبی لینین و فەلسەفەدا دەپەرژێتە سەر باسێک، کە سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا وکارکردەکانی لە کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێت، چۆنێتیی پەرژاندن و پەیڕەو کردنی ئایدۆلۆژیا لە لایەن خەڵکەوە شی دەکاتەوە. بە وتەی ئالتۆسێر ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک لە بڕوا و کردەوەکانە، کە تاک بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە و لەم پێناوەشدا شوناسی تاک بیچم رێژ دەکات. لە راستیدا ئالتۆسێر چەمکی ئایدۆلۆژیا بە پشتبەستن بە بیرۆکەی خەیاڵی لاکان (imaginary) لێکدەداتەوە، دەڵێت: دەکرێ پەیوەندیی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا بە پەیوەندیی کۆرپە لەگەڵ وێنە ئاوێنەییەکەی لای لاکان بچوێنرێت. لە هەر دوو حاڵەتدا شێوەیەک لە بەیەک بوون و وەک هەڤی و راکێشان و شیکردنەوە هەیە، کە دەبێتە هۆی وێنەیەکی یەکگرتوو لە ئەو. ئەم وێنەیە لە راستیدا رەنگدانەوەیەکی گۆڕدراو لە روخساری ئەو دێتە ئەژمار. واتا؛ روخسارێکی خەیاڵی دەداتە روخساری ڕاستەقینەی تاک. لە راستیدا لە سیستەمە ئایدۆلۆژیکەکاندا وێنەیەکی تایبەت بۆ تاک پیشان دەدرێت، کە ئەو بێ ئەملاولا وەریدەگرێت و لەم رێگەوە شوناسی خۆی بە دەست دێنێت. ئایدۆلۆژیای مەیلی جۆراوجۆر شێوەڕێژ دەکات، بۆ نموونە ئەندامیەتی لە کۆمەڵەی سیاسی-ئایینی، شێوازی هەڵبژاردن، دەنگدان و قایل بوون بە مافی

یەکسان بۆ ژن و پیاو و ... ئەم مەیلانە تەنانەت رواڵەت و دەروونی تاکیش پێک دێنن، کاریگەریی لە سەر هات و چۆ و هەڵبژاردنی هاوڕێ و رکابەریش دادەنێت. لە راستیدا جۆرێک لە خود شەیدایی بۆ تاک درووست دەکات. تاک بە پشت بەستن بە ئایدۆلۆژیا خۆی بە سەرتر لە دیتران دەزانێت، لە راستیدا بەکارهێنانی بیرۆکەی خەیاڵی لاکان لە شیکردنەوەکانی ئاڵتۆسێردا پیشان دەدات، کە بیرۆکەی ئەو تەنیا بە پانتایی دەروونشیکارییەوە سنووردار نییە، بەڵکوو ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە بیرۆکەی خەیاڵ، هەروەها نادەرهەستی لاکان ببرێتە پانتاییەکانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە. بۆ نموونە ئاڵتۆسێر بیرۆکەیەکی نوێ لە سەر بنەمای بیرۆکەکانی لاکان دادەڕێژێت. سیستەمی ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیا دەباتە جل وبەرگ، دەزگاکانی پەروەردە، سیستەمی سیاسی، یەکێتییە کرێکارییەکان، دەزگاکانی راگەیاندن و بە گشتی ئایدۆلۆژیا دەباتە نێو سەرجەم کاروباری ژیانی تاک و کۆمەڵگاوە، چەشنێک لە بەیەکبوون بە سەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. لە راستیدا ئەم دەزگا ئایدۆلۆژییە دەوڵەتییە جۆرێک پەیوەندیی کاریگەر و کارامە لە نێوان پانتاییە ئابووری و کولتوورییەکاندا بەدی دێنێت، هەر ئەم دەزگا ئایدۆلۆژیکییانە شێوازێک لە زمان، فام و بڕوا بە شێوەیەکی نادەرهەست لە نێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا برەو پێدەدات، خەڵک لە سایەی ئایدۆلۆژیادا خۆیان وەک ئەندامی کارای گرووپێک، توێژێک و کۆمەڵگایەک دەناسن و شوناسێکی سەرتر بۆ خۆیان قایل دەبن، هەروەک ئاماژەی پێدرا تووشی جۆرێک لە خۆشەیدایی دێن.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان ئەو ڕوداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |